# واتای دەق لە نێوان مەبەستی نووسەر و تێگەیشتنی خوێنەر
# لێكۆڵینەوەیەكی پراگماتیكییە

پ.ی.د. عەبدولواحید موشیر دزەیی
كۆلیژی زمان – بەشی زمانی كوردی – زانكۆی سەلاحەددین/ هەولێر– هەرێمی كوردستان – عێراق
*((رۆژامەنديا بەلاڤكرنێ : 1 كانوينا ئێكێ 2013))*

**پوختە**

**ناونیشانی باسەكە بریتییە لە ( واتای دەق لە نێوان مەبەستی نووسەر و تێگەیشتنی خوێنەر) ، ئەم باسە لەژێر رۆشنایی پراگماتیك ئەنجام دراوە بە پێی رێبازی وەسفی شیكاری، بە مەبەستی گەیشتن بەوەڵامی ئایا مەبەستی نووسەر لەگەڵ لێكدانەوەی خوێنەر بەیەك دەگەن یان نا ؟ بۆ ؟**

**تێگەیشتنی خێرا پێوانەیە بۆ دیاریكردنی جۆری دەق، چونكە خوێنەر زووتر لە واتای سیمانتیكی دەگات نەك واتای پراگماتیكی، چونكە پێویستی بە روونكردنەوەیە، دەق فرە فرەواتایە و لێكدانەوەی جیاجیا دێنێتە ئاراوە، ئەم جیاوازییەش بەندە بە توانا و باكراوەندی رۆشنبیری خوێنەر بۆ كردنەوەی كۆدەكان، ناشتوانین بڵێین یەك لەم لێكدانەوانە راستە، چونكە دەق بۆ خوێنەر نووسراوە و ئازادە لە پێدانی واتا و دووبارە دارشتنەوەی دەق بە پێی تێروانینی خۆی، خوێنەر ناتوانێت دەق بگەرێنێتەوە بۆ دەوروبەرە رەسەنەكەی و ئەو دەوروبەرەی كە دەیدۆزێتەوە دەوروبەرێكی گریمانەییە و ورد نییە، چونكە دەق زیاتر دانەیەكی سیمانیكییە نەك پراگماتیكی، بەڵام بەستانەوەی دەق بەدەوروبەر وادەكات مامەڵەی پراگماتیكی لەگەڵ بكرێت .**

**لە كۆتایی باسەكە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی كە خوێنەر یان راڤەكەر ناگاتە مەبەستی نووسەر بە تەواوی بەڵكو بە رێژەیی پێی دەگات و ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ باكراوەندی رۆشنبیری و شارەزایی و توانای راڤەكەر بۆ دۆزینەوە باری سایكۆلۆجی نووسەر .**

## پێشەكی

بوارەكانی لێكۆڵینەوەی زمانەوانی فراوانن ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ پەیوەندی بەتینی نێوان زمان بە زانستەكانی تر وەك: دەروونناسی و كۆمەڵناسی و فەلسەفە....هتد. شیكردنەوە و تێگەیشتن لە دەق یەكێكە لەو بابەتانەی كە پێویستی بە توانست و پاشخانی خوێنەرە بۆ كردنەوەی كۆدەكان، بێگومان هەر دیاریدەیەكی زمانی چەند هۆكارێكی لەپشتە،گرفتی تێنەگەیشتنی واتا و جیاوازی لە تێگەیشتن دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆكارێك كە لەم باسەدا دەیخەینە روو .

**١– ناونیشان و ئامانجی باسەكە :**

ناونیشانی باسە بریتییە لە ( واتای دەق لە نێوان مەبەستی نووسەر و تێگەیشتنی خوێنەر )كە تیایدا باس لەوە دەكرێت ئایا مەبەستی نووسەر و خوێنەر بەیەك دەگەن یان نا ؟ بۆ ؟

**٢– رێباز و سنووری باسەكە :**

باسەكە لە ژێر رۆشنایی رێبازی وەسفی شیكاری ئەنجامدەدرێت، كە لە سنووری پراگماتیكدا لێكۆڵینەوە لە واتای دەقێكی ئەدەبی زاری ناوەراست دەكات .

**٣– ناوەرۆكی باسەكە :**

باسەكە جگە لە پێشەكی و دەروازە و ئەنجام پێكهاتووە لە سێ تەوەرە، تەوەرەی یەكەم تایبەتە بە تێگەیشتن و قۆناغەكانی ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت (كردەی تێگەیشتن، قۆناغەكانی تێگەیشتن، پێوانەی تێگەیشتن، هۆكارە زمانییەكانی تێنەگەیشتن )، تەوەرەی دووەم تایبەتە بە جۆر و پێكهاتە و تایبەتمەندی دەق و ئەم سەردێرانە دەگرێتەوە:( پێناسەی دەق، تایبەتمەندی دەق،

جۆرەکانی دەق، دەق و دەوروبەر،دەق لە نێوان مەبەستی نووسەر و تێگەیشتنی خوێنەر، پڕکردنەوەی بۆشایی دەق،کورتکردنەوەی واتای دەق ) تەوەرەی سێیەمیش کە تایبەتە بە تێگەیشتنی واتای دەق، ئەم سەردێرانە باس دەکات : ( جۆرەکانی واتای دەق، قۆناغەکانی شیکردنەوەی دەق، شیکردنەوەی دەق، نموونەی پراکتیکی شیکردنەوەی لە دەقێکی هێمن موکریانیدا) لە کۆتایشدا پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەروو.

**دەروازە**

شیکردنەوە چالاکییەکی هونەری و زانستی و داهێنانە زۆر کردەی هۆشەکی و زەینی تیایدا بەکاردێنێت وەك: تێگەیشتن و درکپێکردن و زانین و شیکردنەوە و کردنەوەی هێما Decoding بۆ ئەوەی دەقێکی سادە و ساکار پێشکەش بکات. لێکدانەوە جۆرێکە لە وەرگێڕانی دەروونی کە (یاکۆپسن) ئاماژەی بۆ کردووە کە بریتییە ( لە تێگەیشتن و ڕاڤە کردن لە زمانێکدا و دەربرینی بە واتایەکی تر لە هەمان زماندا) (١) . ئەم جۆرە لێکدانەوەیە بۆ ڕاڤەکردنی دەقە قورسەکان بەکاردێت،کە خوێنەر دەسەڵاتی تەوای بەسەردا ناشکێت، تێگەیشتن یەکێکە لە بوارەکانی زمانەوانی دەروونی کە بریتیە لە:( تێگەیشتن Comprehension و بەرهەم Production و وەرگرتن Acquisition بەم پێیە زمان دەتوانین دابەشی بکەین بۆ :

١-(پێکهات Structure) کە یاسا تایبەتییەکانی زمان دەگرێتەوە .

٢-(ئەرك Function) ئەو ئەرکە دەگرێتەوە کە بۆی دانراوە .

٣- (کردە Process) ئەو ئامرازە هۆشەکییانە دەگرێتەوە،کە بەکاردێت بۆ بەرهەم هێنانی رستە و تێگەیشتنی) (٢) . ئەگەر گوتن چالاکی قسەکردن Speech و گوێگرتن Listening بێت، ئەوا زمان وەك کردەیەکی رەوشتی بۆ زیاتر ئاوێتەبوون و کارلێکی نێوان تاکەکان هەندێ یاسای سنوورداری بەسەردا دەسەپێت، لەوانەش بیستنی فیزیکی کە تایبەتە بە گوێگرتن و هەندێ لایەنی دەروونی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەم مەبەستە ( زمانەوانەکان جەخت لەسەر توانای قسەکەر و گوێگر دەکەن بۆ بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی بێسنوور لە رستە کە پێشتر نەیوتووە و گوێی لێنەبووە هەروەك چۆمسکی ئاماژەی بۆ کردووە) (٣)،کەواتە ئێمە دوو رێگامان لە پێشە یەکیان ماددیە (بینراو و بیستراو) ئەویتر زەینییە (واتا) یە، ئەم دوو توانستەش لەیەك جیانابنەوە هەر بۆیەش،( لایەنگرانی رێزمانی وەسفی جەخت لەسەر توانست دەکەن بۆ ئەوەی بە باشی بتوانن لە زمان بگەن و قسەی پێبکەن) (٤). دەروونناسەکان گرنگییەکی زۆر بە بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی زمان دەدەن، چونکە یەکێکە لە هۆیەکانی دەربڕین، جا بۆ ئەوەی ئاخاوتن بێتە ئەنجام، پێویستە لە قسەی قسەکەر یان نووسەر بگەین، گواستنەوەی ئەم چەمکانەش لە رێگای زمانەوە دەبێت، بە واتایەکی تر ئەو زانیارییانەی کە قسەکەر یان نووسەر دەیەوێت بیگەیەنێت بۆ کەسانی تر لە رێگای وشەوە دایدەرێژێت و گوێگریش وەریدەگێرێتە سەر بیرۆکە .

## تەوەرەی یەکەم : کردەی تێگەیشتن و قۆناغەکانی

### ١-کردەی تێگەیشتن Comprehension :

لە ژیانی رۆژانەماندا گوێمان لە زۆر رستە و گوتنی جۆراوجۆر لە سەرچاوەی جیاجیاوە دەبێت و هەوڵدەدەین تێیان بگەین، بۆ ئەمەش پێویستیمان بە بیرکردنەوە و بڕیاری ورد دەبێت لەگەڵ ئەوەش تووشی زۆر گرفت و هەڵە دەبین لە ئەنجامی تێنەگەیشتن لە بەرامبەر.بۆ تێگەیشتن دوو جۆرە بۆچوون هەیە، یەکەمیان بریتییە لەو کردە هۆشەکیانەی کە گوێگر لە رێگەیەوە دەتوانێت دەنگە دەربڕاوەکانی قسەکەر لە

یەکتری جیابکاتەوە و بەکاریبێنێت و دارشتن و لێکدانەوەی پێویستی بۆ بکات. بە واتایەکی تر گۆڕینی دەنگە بۆ واتا، بۆچوونی دووەم لەم ئاستە ناوەستێت، بەڵکو ئەو لێکدانەوانەی کە ئەنجامی داوە جێبەجێی دەکات، بۆ نموونە لەگەڵ گوێبیستی رستەیەکی (هەواڵدان) هەواڵەکە وەردەگرێت و دەیخاتە سەر زانیاری پێشووی لە بیریدا و پۆلێنیدەکات و لەکاتی پرسیاردا بەدوای ئەو زانیارییەدا دەگەرێت کە پرسیاری لێکراوە، ئینجا وەڵامێك یان کاردانەوەیەکی دەبێت و لەکاتی گوێبیستی رستەیەکی فەرماندان ئەوا بریار لەسەر ئەرکەکانی دەدات بۆ جێکردنی یان نەکردنی...هتد. لێرەدا بۆمان دەرکەوت تێگەیشتن دابەشدەبێت بۆ دوو ناوچەی جیاواز :

١- پرۆسەی دارشتن کە لێکدانەوەی رستەکان دەگرێتەوە،کە لە رۆنانی سەرەوە دەستپێدەکات و بە لێکدانەوەش کۆتایدێت .

٢- پرۆسەی جێبەجێکردن Utilization process تۆمارکردنی واتای نوێ و وەڵام و پەیرەوکردن و دواخستنی چاوپێکەوتن و...هتد دەگرێتەوە. ئەم دوو پرۆسەیەش لەیەکتر جیاناکرێنەوە، چونکە مرۆڤ گوێدەگرێت تا ئاوێتەبێت و هاریکاری قسەکەران بکات .

تێگەیشتن Comprehension و درکپێکردن Perception جیاوازیان هەیە، ( درکپێکردن بریتییە لە وەرگرتنی و جیاکردنەوەی قسە لە گوێگر ، کە دەچێتە خانەی فۆنەتیکی بیستن هەروەها جیاوازی لە نێوان چەندێتی چۆنییەتی شتەکان لە ناوەوە و دەرەوە دەکات،کە کردەیەکی زەینی ناوەوەیە پەیوەستە بە هوشیارارکردنەوە Stimulation کە لە وەرگرە هەستپێکراوەکانەوە دێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەری خو و رەوشت Habitually و پاڵنەری کەسیەوە) (٥) کەواتە درکپێکردن، تێگەیشتن و رێکخستن و دەرهێنانی واتایە هەروەك (جارنەر) ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: ( ئەوەی هەستی پێدەکەین هەر ئەوەشە درکی پێدەکەین) (٦) تێگەیشتن بریتییە لە درکپێکردنی شتێك یان رووداوێك یان هەڵوێستێك یان راپۆرتێکی گوتن کە زانینی تەواو و راشکاوانە و بنەماسەرەکییەکانی دەگرێتەوە. لێرەدا بۆمان روونەبێتەوە درکپێکردن پەیوەستە بە هوشیارکەرەوەکانی جیهانی دەرەوە، بەڵام تێگەیشتن پەیوەستە بە کردە درکپێکەرەکانی کە لە دەوروبەر دەکرێنەوە و لە پێکهاتەیەکی یەکگرتوودا رێکدەخرێت، چونکە تێگەیشتنمان بۆ وشەکان زیاترە لە واتاکانیان لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە تێگەیشتن دواکردەیە و درکپێکردنیش سەرەتای تێگەیشتنە .

پێویستە زاراوەی تێگەیشتن بۆ زمان بەکاربهێندێت و زاراوەی درکپێکردنیش بۆ قسە چونکە :

١- خوازە و خواستنە بەکارهێنراوەکانی زمان Figurative جەخت لەسەر ئەم جیاوازییە دەکەن. هەروەك دەبینین لە رێگای درکپێکردنەوە بێ ئەوەی واتا دوورەکانی وشە خوازە و خواستراوەکان بزانرێت دەتوانرێت بەشێوەیەکی راست بەکارهێنانەکانیان وکاتە واتاییەکانیان بگەرێندرێتەوە لە رێگای نیشانەکان وەك:

لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان بەیانی دا
سفیدە ی باغی سێوان

لێرەدا شاعیر(سێو)ی خواستووە بۆ(مەمك)کە لە شێوەی خری لەیەك دەچن و (دوگمەی سینە) کە سینگ دادەپوشێ نیشانەیە بۆ ئەم خواستنە (سپیدەی باغی سێوان) لێخواستراوە و (سینگی یار) بوخواستراوە لەم شیعرەدا.

٢- یەکێ لە سەرچاوەکانی خراپی تێگەیشتن درکپێنەکردنە، بۆ نموونە درککردنێکی ناتەواو بە فۆنیمێك کە لە ئەنجامی خراپی نووسینەوە هاتبێتە کایەوە وەك: (بار و بارِ) ئەمە ئەوە ناگەیەنێ گوێگر لە تەواوی

واتای هەردوو وشەکە گەیشتووە ئەگەر لە دەورووبەری جیاوازدا ببینرێت .

٣- زۆر قۆناغی جیاواز هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان یەکێ لەوانە لێکۆڵینەوەی دەنگەکانە بە پێی چۆنییەتی وەرگرتن و درکپێکردنی گوێگر.

٤- زۆر لە لێکۆڵینەوەکان باس لە هەندێ هۆکاری وەك : ژاوەژاو Distraction دەکەن،کە کار لە درکپێکردن دەکەن و بۆیەش پێوانەی درکپێکردن بە پلەی روونی Intelligibility دەکەن.

٥- ( دەتواندرێت بەیەکداچوون دروستبکرێت لە رێگای تۆمارکردنی دەنگی قسەکەر و دووبارەکردنەوەی لەکاتی قسەکردندا کە ١/١٠ تا ١/٥ چرکە دوا دەکەوێت لە ئەنجامی شێوانی درکپێکردن و لە دەستدانی کۆنترۆڵی خودی و دەبێتە هۆکارێك بۆ نەخۆشی گوتنی تەتڵەی زمان و..هتد. درکپێکردن لە رێگای قسەکردن و رەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانەوە هەڵدەهێنجرێت،کاتی درکپێکردن دەکەوێتە دوای ئاستی ئاگایی، بەم پێیە رەفتاری درکپێکردن دەبێتە دیاریدەیەکی تاکە کەسی وبەپێی شارەزایی تەمەن و راوبۆچوون و ویست و ئارەزوو دەگۆڕێت) (٧) .

**٢- قۆناغەکانی تێگەیشتن :**

تێگەیشتن کردەیەکی دەروونییە و بەچەند قۆناغێکدا دەروات لەوانەش :

أ- ( گوێی گوێگر کاتێ دەنگەکانی قسەکەر وەردەگرێت وێنە دەنگییەکەی گوتنەکە لە مێشکیدا دەچەسپێت تاکو شیبکاتەوە بۆ پێکهاتەی ورد.

ب- گوێگر لەناو مێشکیدا دەگەرێت بۆ زانیاری بەرامبەر بەم زانیارییەی وەریگرتووە) (٨) دواتر هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی ئەو گوتنانەی کە چوونەتە ناو مێشکی کەسەکە بۆ لارستە و دانەی وردتر لە هەمانکاتیش دا ئامادە باشی هەیە کە پێشوازی گوتنی تر بکات .

ج- هەر پێکهاتەیەکی رستە دەگۆڕێت بۆ بیرۆکەیەك کە واتاکەی دەگەیەنێت هاوکات لەگەڵ دوو قۆناغەکانی پێشووتر.

د- ( بیرۆکە پێکدێت بۆ واتای پێکهاتەکانی لارستە و وشە کە هەنگاو بە هەنگاو واتایەکی لێکدراو یان ئاڵۆز دروست دەکات تا دەگاتە واتای تەواوی رستەکە. بیریش بە پێی پێویست هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ هوشیارکەرەوەکان دەکات .

هـ- واتای وێنە دەنگییەکە کورتدەکرێتەوە و دەگوازرێتەوە بۆ بیری هەمیشەیی.

و- وێنە دەنگییەکەی گوتنەکە دەپارێزرێت تا کۆتای ئاخاوتنەکە گوتنەکانی لە بیر دەمێنێتەوە پاشان شیاندەکاتەوە و واتاکان لێکدەدات .

ز- پاش تێگەیشتنی وەرگر مێشکی فۆرماتدەکاتەوە لە وێنە دەنگییەکان، بەڵام واتاکەی هەر لە بیریدا دەمێنێت) (٩)، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تێگەیشتن کاتێکی دەوێت ئەم کاتەش بە پێی کەس و بابەت دەگۆڕێت. هەندێکجاریش تێگەیشتن هەر رووندادات و پێویستیمان بە کەسێکی شارەزا دەبێت بۆ روونکردنەوە و لێکدانەوە .

**٣- پێوانەی تێگەیشتن :**

توێژەران لە رێگای خێرایی دەربڕین پێوانەی درەنگ تێگەیشتن دەکەن، بۆ نموونە: ( دوو رستە دێنین کە تەنها لە یەك وشەدا جیاوازبن، بەڵام دوو وشەکە یەکیان گران بێت ئەویتر ئاسان) (١٠) وەك :

أ- چێشتخانەکەی نزیك ماڵمان داخرا.

ب- لۆقنتەکەی کەی نزیك ماڵمان داخرا.

بۆ پێوانی گران تێگەیشتنی ئەم دوو رستەیە داوا لە تاقیکاران دەکرێت لە کاتی گوێبیستی دەنگی (ك) کە یەکەم دەنگە دوای وشەی (چێشتخانە و لۆقنتە ) ئەوا دەستبنێن بە گلۆپە سەوزەکە، ئەم کاتانەش بە کەرتەکانی هەزار لە چرکەیەکدا هەژمار دەکرێت، جا ئەگەر لە رستەی (أ) زووتر گەیشتنە دەنگی (ك) واتە زووتر

دوگمە سەوزەكەیان داگرت ئەوا ئەو رستەیە ئاسانترە بۆ تێگەیشتن، هەروەك دەبینین لەم دوو رستەیە رستەی (ب)گرانترە لەبەر بوونی وشەی (لۆقنتە)كە هەمان واتای چێشتخانە دەدات، چونكە لەم سەردەمەی ئێستادا بەكارهێنانی نییە بۆیە گرانە بۆ تێگەیشتن. ( پێوانەی تێگەیشتن هەندێ جاریش لە رێگای پركردنەوەی بۆشاییەوە دەبێت و كاتی خایەنراویش دەپێورێت كامەیان زووتر پركرایەوە ئەوا ئەو رستەیە ئاسانترە) (١١) ، بۆ نموونە پێوانەی كاریگەری رێزكردن لەسەر درەنگ تێگەیشتن بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامدەدرێت:

أ- مامۆستا كورەكەی بەیەكەم ..........

ب- كورەكەی مامۆستا بەیەكەم............

واتا سیمانتیكییەكان خێراتر وەردەگیرێن، بەڵام واتا پراگماتیكییەكان درەنگتر، چونكە پێویستیان بە راڤە و لێكدانەوەی قووڵ هەیە.

**٤- هۆكارە زمانییەكانی تێنەگەیشتن :**

لە باری ئاسایدا (گوێگر دەتوانێت بە ئاسانی قسەیەك بە خێرایی ٢٥٠ وشە لە خولەكێكدا تێبگات واتە لە چریەكەیەكدا نزیكەی چوار وشە، ئامادەكردنی واتای وشە لە بیر كەمتر لە ١/٤چركە دەخایەنێت، خێرایی ئامادەبوونی واتا دەوەستێتە سەر بڵاوی ونابڵاوی وشەكە، جا ئەم وشانەی كە پێشتر دووبارە بوونەتەوە و بڵاون مرۆڤ بەخێرایی تێیدەگات سەرەڕای ئەمەش شێوەی رۆنان و جیاوازی پەیوەندی واتایی نێوان وشەكان و شارەزایی گوێگر لە بابەتەكە و ..هتد.كاریگەریان هەیە لەسەر زوو تێگەیشتن) (١٢) ، تێنەگەیشتن دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆكارێك گرنگترینیان ئەمانەن :

**١- گرانی وشە :**

ئەو وشانە دەگرێتەوە كە دیار و بڵاو نین و لە دەرەنجامی گەشەوگۆڕانی زمان چالاكیان كەمبۆتەوە یان مردوون یان واتایان روون و ئاشكرا نییە لەم سەردەمەی ئێستادا وەك: ( هەردوو وشەی (كەبرێن، سەبرێن) كە لە رستەش بۆمان روون نابیتەوە) (١٣) هەروەك : لەم دێرە شیعرە فۆلكلۆرییەدا هاتووە :

خولایە نە بە كەبرێنێ نە بە سەبرێنێ

بۆخۆت گیانان دەدەی، گیان دەسێـــــنی

**٢- درێژی رستە :**

زۆر رستە و گوتن هەن درێژن وگوێر ناتوانێت وێنە دەنگییەكەی زوو وەربگرێت و لە بیریدا بیهێڵێتەوە، چونكە (بیری ماوە كورت توانای هێشتنەوەی زۆری ئەم زانیارییانەی نییە) (١٤) بۆیە دەبینین هەندێ كەس داوای دووبارە بوونەوە دەكات، چونكە مێشك درەنگ وەریدەگرێت وەك :

(ئەوكەسەی دزەكەی گرت كە بەڵگەنامەكەی دزیبووكە لە شوێنێكی زۆر پارێزراو شاردرابۆوە لە ترسی بزربوونی كە گرنك بوو بۆ ئێمە و كەسانی تر ئەم كەسە برادەری كوڕی مامی دەسگیرانی برام بوو) .

**٣- زۆری زانیاری ناو رستە :**

بێگومان هەموو رستە و گوتنێك رادەی زانیارییەكانی جۆراوجۆرن، هەیە كەمە هەشە زۆرە سەرەڕای ئەمەش لە هەموو گوتن و رستەیەك هەندێ زانیاری دەرنەبراو هەیە، جا تارادەی زانیارییەكان زۆرتر بێت ئەوا درەنگ تێیدەگات وەك ئەم دوو رستەیە :

أ- فەرمانبەرەكە پێش كاتژمێرێك گەیشتە فرۆكەخانە لەگەڵ قوتابیەك.

ب- دوێنێ فەرمانبەرە تازەكە ئۆتۆمۆبیلە گرانبەهاكەی بە قیست فرۆشت.

هەریەك لەم دوورستەیە ژمارەیەك گوتن و زانیاری نوێ دەدەن كە لە رستەكەدا نەگوتراوە بۆ نموونە رستەی یەكەم لەم گوتنانە پێكهاتووە :

١- فەرمانبەرەكە گەیشتووە .

٢- گەیشتۆتە فرۆكەخانە .

٣- پێش كاتژمێرێك گەیشتووە .

٤- فەرمانبەرەكە قوتابیەكی لەگەڵبووە .
رستەی (ب) یش لەم گوتنانە پێكهاتووە :
١- فەرمانبەرەكە نوێیە.
٢- فەرمانبەرەكە ئۆتۆمۆبێلەكەی فرۆشتووە .
٣- ئۆتۆمۆبێلەكە هی فەرمانبەرەكە بووە .
٤- ئۆتۆمۆبیلەكە گرانبەهابووە .
٥- فرۆشتنەكە دوێنێ بووە .
٦- فرۆشتنەكە بە قیست بووە .

دەبینین رستەی (أ) لە (٤) گوتن پێكهاتووە كەچی رستەی (ب) لە (٦) گوتن پێكهاتووە، ئاشكرایە تێگەیشتنی رستەی (أ) خێراترە لە رستەی (ب)، چونكە تێگەیشتنی (٤) گوتن ئاسانترە لە رستەیەك كە لە (٦) گوتن پێكهاتبێت .

**٤- پچڕانی نێوان لارستەكان :**

ئەو لارستەیەی كە پچڕان و وەستانی تیابێت ئەوا تێگەیشتنی گرانترە لەم لارستانەی كە بەسەر یەكەوە دەگوترێن وەك :

أ- ئەم لێژنەیەی كە قوتابیان هەڵیانبژارد رازیبوون لەسەر راپرسیەكە.

ب- رازیبوون لێژنەكەی كە قوتابیان هەڵیانبژارد لەسەر راپرسیەكە .

دەبینین، رستەی (رازی بوون لەسەر راپرسییەكە) لە رستەی (أ) بەسەر یەكەوە گوتراوە كەچی لە رستەی (ب) بەسەر یەكەوە نییە و كەرەستەی تر هاتۆتە نێوانیان، بۆیە رستەی (أ) ئاسانترە لە (ب).

**٥- پێكهاتەی ئاڵۆز :**

( پێكهاتەی ئاڵۆزی رستە و ناوەخنی زۆری هۆكارێكە بۆ گرانی تێگەیشتن بۆ نموونە رستەی :

أ- بكوژی دایك و باوكی براكانی ئازادبوون .

ئەم پێكهاتەیە ئاڵۆزە مرۆڤ گرانتر تێدەگات) لەم پێكهاتەیە :

ب- براكانی كە دایك و باوكیان كوشت ئازادبوون (١٥).

یان رسەیەكی وەك :

- مانگایەكی مێی كردە خێر.

لەبەر ئەوەی ئەم رستەیە هەڵئاوسانی واتایی و زانیاری زیادەی Redundancy تێدایە (مانگا) خۆی هەڵگری سیمای (+ مێ) یە و پێویست ناكات لە رستە هەبێت بۆیە دەبێتە هۆكارێك بۆ بیركردنەوەی زیاتر و درەنگ تێگەیشتن.

**٦- گۆڕینی شوێنی سروشتی پێكهاتەكانی رستە :**

لە هەر زمانێكدا پێكهاتەكانی رستە شوێنێكی ئاسایی خۆیان هەیە، ( هەر گۆڕانكارییەك بكرێت لەم شوێنانە ئەوا مرۆڤ بە ئاسانی تێی ناگات) (١٦)، چونكە پێچەوانەی بۆچوون و راهاتنی كەسەكەیە بۆ نموونە :

أ- گەڵای دارەكە زەردبوو.

ب- دارەكە گەڵای زەردبوو.

دەبینین رستە (أ) ئاسانترە بۆ تێگەیشتن، چونكە بە شێوەی ئاسایی رێزكراوە و (گەڵا) كە بكەری رستەكەیە لە سەرەتایە كەچی لە رستەی (ب) دا وانییە (گەڵا) لە شوێنی خۆی نییە، بەڵكو لە شوێنی ئاوەڵناوە یان دارخەرە .

**٧- چەند واتایی:**

( وشە فرەواتاكان و هاوبێژەكان هۆكارێكن بۆ درەنگ تێگەیشتن) (١٧) بۆ نموونە لە هەردوو رستەی :

أ- سێوبكرە

ب- هەرمێ بكرە

دەبینین رستەی (أ) مرۆڤ ئاسانتر تێدەگات لە رستەی (ب)،چونكە رستەی (ب) وشەیەكی هاوبێژی تیایە كە (هەرمێ) یە و چەن واتایەكی هەیە :

هەرمێ
رەگەزی مێ
میوەی هەرمێ
رامەكە

**٨- نائاسایی دەربڕین:**

دەربڕین بە شێوەیەکی نائاسایی دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم تێگەیشتندا، بۆ نموونە رستەی (أ) ئاسانترە بۆ تێگەیشتن لە رستەی (ب)،چونکە ئاسایی و لۆجیکیترە لە رستەی (ب) :

أ- پەرتوکەکە لەسەر مێزەکەیە.

ب- مێزەکە لە ژێر پەرتوکەکەیە.

**٩- دەربڕین پێچەوانەی بۆچوونی گوێگر :**

ئەودەربرینانە دەگرێتەوە کە پێچەوانەی بۆچوون و شێوەی باو و پەیرەوکراوە وەك :

- مەلەوانەکە خۆی فرێدایە ناو ئاو دوای ئەوەی پێلاوەکانی لەبەرکرد.

ئەم رستەیە پێچەوانەی شێوەی باو و ئاساییە، چونکە مەلەوان لەکاتی مەلەکردن پێلاو دادەکەنێت نەك لەبەری دەکات .

**١٠- چاوخشاندنەوە لە واتای کورتکراوە:**

مرۆڤ وشە بە وشە وقۆناغ بە قۆناغ واتای رستە وەردەگرێت ناوەستێت تا رستەکە تەواو دەبێت بۆیە زۆر رستەی وەك :

- ملیۆنێکت پێدەدەم،ئەگەر ئەم کارەم بۆ بکەی .

واتای کورتکراوە لەم رستەیە ئەوەیە ئەگەر کارەکەی بۆ بکات ئەوا ملیۆنێکی پێدەدات، ئەگەر کارەکەی بۆ نەکات ئەوا ملیۆنەکەی پێنادات .

**١١- نەگونجانی وشەکان لەگەڵ یەك:**

( پەیوەندی نەگونجان لە نێوان وشەکان لە سنووری رستەو گرێدا دەگرێتەوە) (١٨) واتە بەزاندنی هاورێیەتی و بەیەکەوەهاتنی نێوان وشەکان وەك :

- هەموو شتێکی جوان لە شیعردا دەبینم.

ئەم رستەیە کە (کار) ەکەی (بینین) ە و (بکەر) ەکەی (من) ە و (بەرکارە ناراستەوخۆ) یەکەی ( لە شیعر) ە لەم رستەیەدا (کار) ەکە لەگەڵ (بکەر) دا دەگونجێت، بەڵام لەگەڵ (بەرکارە ناراستەخۆ) کە ناگونجێ، چونکە مرۆڤ توانای بینینی شتی هەیە لە هەندێ شت کە توانای دانەوەی وێنەیان هەیە وەك (ئاوێنە),جا لەبەر ئەوەی (شیعر) توانای دانەوەی وێنەی نییە بۆیە بە نەگونجاو دادەنرێت .

**١٢-کورتکردنەوە وشە و دەستکاریکردنی :**

هەندێ وشە لە ئەنجامی کورتکردنەوە ئەوا دەبێتە هۆکارێك بۆ تێنەگەیشتن، بۆ نموونە (بۆن) بەچەند شێوە هاتووە وەك:(بۆ،بێن) (١٩).ئاشکرایە (بۆن) ئاسانترە لە (بۆ،بێن) هەرچەندە لەراستیدا (بۆ) سووکترە بۆ دەربڕین و ژمارەی فۆنیمی کەمترە، بەڵام (بۆ) هاوبێژە لەگەڵ (بۆ) ی ئامرازی پەیوەندی و (بۆ) ی ئامرازی پرس. ئەم کارە زیاتر لە شیعردا روودەدات بە تایبەتیش شیعری کلاسیك لەبەر زەرورەتی شیعری .

**تەوەرەی دووەم : جۆر و پێکهاتە و تایبەتمەندی دەق**

**١- پێناسەی دەق ( Text):**

زانستی دەق زاراوەیەکی تازە نییە ( فۆرمالیستە رووسەکان لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەم بەکاریان هێناوە بە زاراوەی جیاواز، بۆ نموونە ( جاکۆپسن زاراوەی ( زانستی ئەدەبی ) بەکارهێناوە و دواتریش هاورێکەی ئیخنباوم لە گوتارێك بە ناونیشانی (تیۆری رێبازی فۆرمالیستی ) هەمان زاراوەی بەکارهێناوە) (٢٠) .

زاراوەی دەق (Text) بەکاردێت بۆ نرخێکی دیاریکراو لە زمانەوانیدا لێکۆڵینەوە لە گونجان و رێکەوتنی نێوان کەرستەکان دەکات، دەق گوتارێکی نووسراوە و لە دەرەوەی دەوروبەرە رەسەنەکەی بلاودەکرێتەوە، بۆیە پێویستە مامەڵەیەکی سیمانتیکی لەگەڵ بکەین، دەق پەیوەستە نییە تەنها بە بەرهەم هێن زۆرجار دابەشدەبێت لە نێوان ژمارەیەك لە قسەکەر وەك ئەوەی ( قسەکەر زۆرجار باس لە رووداوێك لەسەر زمانی قسەکەرێکی تر دەکات، ئەم جۆراو جۆرییەی دەق وادەکات دەقەکان جۆراوجۆربن لە ناو یەك دەقدا

شێوەیەكی تر لە جیاوازی دەگەڕێتەوە بۆ بەكارهێنانی نیشانە وێنەیی و نیگارییەكان لەناو دەق) (٢١) .

بەكورتی دەق نموونەیەكی داماڵراوە لە دەوروبەر بەم پێە دەق دەبێتە گوتارێكی بێ دەوروبەر :

دەق = گوتار – دەوروبەر .

دەق پێناسەی جۆراو جۆری بۆ كراوە وەك هەموو زاراوەیەكی تری زمانەوانی لە دوو ڕوانگەوە :

**أ- ئەوانەی جەخت لەسەر روخسار دەق دەكەن :**

- ( برینكر Brinker: پەیوەندییەكی بەیەكداهاتووی نێوان رستەكانە .

- هاروگ Harweg: پەیوەندیەكی بەدوایەكداهاتووی ئاسۆییە كە پەیوەندی رستەسازی دیاردەكات .

- هالیدای : هەموو بەدوایەكداهاتوویەكی رستە دەگرێتەوە كە پەیوەندییەك بەیەكەوەیان دەبەستێتەوە) (٢٢) .

- ( تۆدۆرۆڤ: دەق پێكهاتەیەكی سەربەخۆیی داخراوە لە كۆمەڵێ رستە پێكهاتووە و واتایەكی روونی هەیە

**ب- ئەوانەی جەخت لەسەر ناوەرۆك دەكەن :**

- رۆلان بارت : پێی وایە دەق چنراوێكە لە كۆمەڵێ یەكەی واتادار و خاوەن چەمك پێكهاتووە.

- بول ریكۆر : گوتارێكی چەسپێنراوە بە نووسین) (٢٣) .

- بنفنیست : (كۆمەڵێ داهێنانی بێ پێناسەیە و جۆراوجۆرییەكەی بێسنوورە.

- دیبوجراند : هەموو یەكەیەكی قسەیە كە خزمەت بە مەبەستێك دەكات .

- شمیت Schmidt : بەشێكە و بابەتێكی تەوەرەیی دیاردەكات و ئەركی راپەڕاندن دەگرێتە ئەستۆ .

- هارتمان Hartman پەیوەندییەكی زمانەوانی رەسەنە لایەنی گەیاندن و سیمالۆجی زەق دەكاتەوە) (٢٤) .

لێرەدا دەتوانین بڵێین دەق :

أ- تۆمارێكی قسەیە: واتە وێنەیەكی فۆتۆگرافی یان نیگار نییە هەر چەندە نووسەر پشت بە وێنەی نووسین و ئەندازە دەكات لە شیكردنەوە .

ب- رووداوە : واتە لە كات و شوێنێكدا روودەدات و خۆی دووبارە ناكاتەوە وەك مێژوو .

ج- گەیەنەرە : ئامانجی گەیاندنی زانیاری و زانست و تاقیكردنەوە بۆ وەرگر.

د- ئاوێتەییە : پەیوەندی دروست دەكات نێوان تاكەكانی كۆمەڵ و پارێزگاریشی لێدەكات .

ه- داخراوە : واتە سەرەتا و كۆتایی هەیە .

و- بەرهەم هێنەرە: خۆرسك نییە، بەڵكو بەرهەمی رووداوی مێژوویی و دەروونی و زمانییە و رووداوی تریشی لێدەبێتەوە .

ئەمانە گرنگترین بناغەی دەقن لە رووی رۆنان و پێكهاتەوە .

دەق رەنگدانەوەی كەلتووری كۆمەڵگایە بە هەموو تۆڕە ئاڵۆزییەكانییەوە لە رێگای مێژوو و جوگرافیا و پەیوەندی نێوان تاكەكان بە واتایەكی تر یادگەیەكی كورتكراوەی كۆمەڵگایە .دەق كۆمەڵێك پەیوەندی زمانییە كە خزمەت بە بیرۆكەیەك یان چەند بیرۆكەیەك یان چەمكێك دەكات و دەتواندرێت لێكبدرێتەوە و روون بكرێتەوە ئەمەش رێگا خۆشدەكات بۆ ئەوەی خوێندنەوەی نوێ ی بۆ بكرێت .

**٢- تایبەتمەندی دەق :**

دیبوجراند چەند پێوەرێكی بۆ دەق داناوە كە بریتین لە : (٢٥)

**أ- رێكەوتن** Cohesion :

پابەندبوونی دەقە بە یاسا لێكسیكییەكان و رێزمانییەكان و وشەیی رۆنانییە باوەكانە لە رێگای پەیوەندی ئاسۆیی Sequential Occurrence، بە واتایەكی تر دەتوانین بڵێین رێككەوتنی یەكە بچووكەكانە

وەك وشە لـەگەڵ وشەیەكی تر بۆ دانەی گەورەتر وەك گرێ و ڕستە، بە پێی یاسا رێزمانییەكان .

**ب- لكاندن و گونجان** Coherence :

پەیوەندی دەق دەگرێتەوە لە رووی واتا و بیرۆكە، واتە پەیوەندی چەمكییەكانی Conceptual نێوان وشە و رستەكان دەگرێتەوە،كە دەبێت پەیوەندییەكی تەواویان بە دەقەوە هەبێت، لكاندنەكان لە چەند روویەكەوە دەبێت :

١- بنەما لۆجیكییەكان : وەك هۆیی و گشتی و تایبەت ...هتد .

٢- زانیاری دەربارەی رێكخستنی روداوەكان و كارەكان و بابەتەكان و هەڵوێستەكان ....هتد.

٣- هەوڵدان بۆ پتەوی لە رێگای ئەزموونی مرۆڤایەتی .

**ج- مەبەست** Intentionality :

پەیوەستە بە بەرهەم هێنەری دەق و مەبەست و ئامانجی لە دەقەكە، دەبێت كۆمەڵە رووداوەكانی دەق تەواوكەری یەكتربن بۆ خستنەرووی بەرهەمهێنەری دەق .

**د- پەسندی** Acceptability :

پەیوەستە بە گوێگر یا خوێنەری دەق و هەڵوێستی لەكاتی وەرگرتنی دەقەكە، بێگومان رێكی و گونجان لە نێو كەرستەكان وا دەكات لای خوێنەر پەسند و گونجاو بێت .

هـ- راگەیاندن Informativity :

بڕی ئەو زانیارییەی ك دەق دەیدات بە خوێنەرەكەی لە رووی زۆری و كەمیەوە .

**و- هەڵوێست** Situationality :

بنچینەی هەڵوێست لـەسەر ئەوە بەندە تا چ رادەیەك دەق گونجاوە لـەگەڵ پێویستی خوێنەر و دەورووبەری گشتی، دەتوانین بڵێین تایبەتە بەو بنەمایانەی كە وا لە دەق دەكات پەیوەندییەكی پتەوی بە هەڵوێستی رووداوەكان هەبێت. ئەم بنەمایە گرنگترین بنەمایە چونكە دەق دەخاتە چوارچێوەی گەیاندن و كۆمەڵ .

**ز- دەق ئاوێزان** Intertextuality :

تایبەتە بەو بنەمایانەی كە وادەكات سوود وەرگرتن لە دەق بە پێی زانیاری رابردووبێت، واتە بریتییە لـەو كەش و هەوایەی كە دەقەكان تیایدا بەیەك دەگەن، ( لـەسەر خوێنەریش پێویستە ئاگاداری ئەو دەقانە بێت كە پێش ئەو كەوتوون یان هاوكاتن لـەگەڵی.دەق ئاوێزان چەند روویەكی هەیە وەك: دەقی ئامادەنەبوو، جێگرتنەوە و لابردن و دەوروبەر و وەرگر) (٢٦) .

**٣- جۆرەكانی دەق :**

دەق كردەیەكی گەیاندنی زمانی و كۆمەڵایەتییە، پەیوەندییەكی پتەو یەكە بە دوای یەكداهاتووەكانی بەیەكەوە دەبەستێتەوە، ( دەق مەبەست دەگەیەنێت و كاریگەری دەكەوێتەسەر و كاریگەریش دەكاتە سەر خوێنەر،(هالیدای) پێكهاتەیەكی ورد بۆ دەق دەستنیشاندەكات كە دەتوانین لـەم هێڵكارییەی خوارەوە بیخەینەڕوو) (٢٧) . :




دەق چەند جۆرێکە، ستانلی فیش (Stanly Fish) و امبریتۆ ایکۆ دەق دابەشی دوو جۆر دەکەن :

**أ- دەقی کراوە Open Text:**

رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری خوێنەری دەوێت تا دەقەکە تەواوبێت، ئەم دەقە سەرچاوە و وەرگر و واتا دیاریکراوە ئەم دیاریکراوەی واتا ئەوە ناگەیەنێت کە فرە خوێندنەوە نییە و لێکدانەوەی زیاتری بۆ ناکرێت .

**ب- دەقی داخراو Closed Text :**

رووبەرێکی فراوان ناداتە خوێنەر بۆ جوولانەوە، چونکە تەنها یەك خوێندنەوەی هەیە. ( فالیری پێی وایە واتایەکی راستەقینەی دەق نییە، واتای دەق پەیوەستە بە خوێنەرەکەی بەراست و بە هەڵە، جا ئەگەر خوێندنەوەکە هەڵەبوو ئەوا دەقەکە داخراو دەکات و بوار بۆ تێبینی و پرسیار ناهێڵێتەوە، ئەگەر خوێندنەوەکەش راست بوو ئەوا جوانی دەقەکە دەخاتەڕوو و شیکدەکرێتەوە و خوێندنەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت . رۆلان بارت پێی وایە خوێندنەوەی دەق نایەتەدی تاکو رێکی و گونجانی هێما و نیشانەکان ئەنجام نەدرێت کە کۆنترۆڵی واتا دەکەن ) (٢٨) و بریتین لە : ( رێکی لێکدانەوە، رێکی واتا، رێکی هێما، رێکی رووداو، رێکی کەلتووری )، بەم پێیە کراوەیی و داخراوی دەق پەیوەستە بە داهێنەر و رێکییە داهێنراوەکان .

**٤- دەق و دەوروبەر :**

پەیوەندی هاورێیەتی هەیە لە نێوان دەق و دەوروبەر، (دەق ئەو گۆڕەپانەیە کە خاوەن دەق و خوێنەر بەیەکدەگەیەنێت) (٢٩) ، هالیدای (M.Halliday) دەوروبەر بە دەقێکی شوێن کەوتووی دەقی بەردەست دادەنێت و پردێکە بۆ بەستنەوەی زمان بە ژینگەی دەرەوە (٣٠). بەرهەم هێنەری دەق وشە و رۆنانەکان هەڵدەبژێرێت لە نێو کۆمەڵێك وشە و رۆنان و واتا و وێنە و ....هتد. بە گوێرەی ئەگەرە دەروونی و هونەرییەکانی، دواتریش وەرگر لە گۆشەنیگای جیاواز و تایبەت بە پێی دەوروبەری دەقەکە لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکات .

چەمکی دەق بیرۆکە و واتا و وێنەی هۆشەکی دەگرێتەوە، کە دەق دەی وروژێنێت لە رێگای دەنگ و وشە و رستە و هۆنینەوەی لە چوارچێوەی دەوروبەری زمانی و دەوروبەری بار ، لێکۆڵینەوە لە خودی دەق نامان گەیەنێتە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو، تەنها ئەو لێکۆڵینەوانە بە گونجاو دەزانرێت، کە لێکۆڵینەوە لەو لایەنانەش دەکات، کە لەدەرەوە چواردەوریان داوە، بە واتایەکی تر ئەو بارودۆخەی کە دەقەکەی لێهاتۆتە ئاراوە لە سنگی خودی بەرهەمهێنی دەق، چونکە ( واتاکەی پەیوەستە بە باردۆخ و ژیان و بیرکردنەوە و هەڵوێستی نێنەری پەیام ) (٣١) .جا لەبەر ئەوەی زمان

دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە تێگەیشتنیش لەم چوارچێوەیەدا دەوەستێتە سەر سەیرکدنی دەق لە چوارچێوەی دەوروبەر، دەوروبەر چوارچێوەیەکی گشتییە کە تیایدا بنەماو یەکەکانی دەقی تیادا ڕێکدەخرێت .

بەستانەوەی دەوروبەری زمانی و بەکارهێنان لە دەقدا کۆمەڵێك بنەماو زانیاری گرنگ دەداتە خوێنەرەکەی،کە بریتییە لە وێنەی گشتی کە کۆمەڵێك پارچە و وێنەی ڕێکخراو پێکهاتووە، بەمەش ناتواندرێت لە هیچ پارچەیەك بگەین تا شوێنی لەناو پارچە گشتییەکە نەزانین. بۆیە شارەزابوون لە تایبەتمەندییەکانی ناوەوەی دەق نامان گەیەنێتە واتای مەبەست، واتای تەواوی دەق تەنها لە ڕێگای بەستانەوەی دەق بە دەوروبەرەوە نەبێت، بە واتایەکی تر تا سنووری پەیوەندی نێوان دەق و دەوروبەر نەزانین ناتوانین واتای قووڵی دەق بزانرێت.( ڤان دایك ) لە گوتارێکدا ( ڕۆنان و بنیاتی دەق ) دەوروبەری دابەشکردووە بۆ :

**أ- دەوروبەری پراگماتیکی ( دەق وەك کردەیەکی قسەیی ) :**

لەم دەوروبەرە لە ئەرکی دەقەکە دەکۆڵدرێتەوە. بە واتایەکی تر لێکۆڵینەوەی هەر دەقێك تەنها بۆ زانینی شێوە و ناوەڕۆکی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بزانرێت ئامانج لەم دەقە چییە ؟ ( دەوروبەری پراگماتیکی پشت بە لێکدانەوەی دەق دەکات وەك کردەیەکی زمانی وەك بەڵێندان و هەڕەشە و جەختکردن و ....هتد) (٣٢). ( ئەرکی پراگماتیك لەم نێوەندەدا مەرجەکان دیاریدەکات بۆ هەر کردەیەکی زمانی تاکو گونجاوبێت لەگەڵ دەوروبەر ) (٣٣) ، دەوروبەری پراگماتیکی پێکدێت لە هەموو بنەما دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان کە بە وردی بۆنەی کردە زمانییەکانی وەك : زانین و ویست و ئارەزوو، سەرەڕای ئەمەش ئەو مەرجانە دیاریدەکات کە دەبێت لە ڕستەدا هەبێت، هەروەها ( دەوروبەری پراگماتیکی باس لەو ڕێگایانە دەکات کە لە ڕێگەیەوە ڕستەکانی پێ دەلکێندرێت لە دەق) (٣٤).

**ب- دەوروبەری درکپێکردن یان زانین ( تێگەیشتن لە دەق ) :**

( ڤان دایك پێی وایە بۆ تێگەیشتن لە دەق، بەکارهێنەری زمان بە پلەی یەکەم لە وشە و ڕستە و زنجیرە ڕستەکان دەگات) (٣٥) ، دواتر بەکار هێنەری زمان بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان بدۆزێتەوە ( دەبێت پشت بە زانیارییە دنیاییەکانی ببەستێت کە لە یادگەی تۆمارکراوە) (٣٦) ، تێگەیشتنی کاریگەری دەق لە ڕێگای یادگەی کاتی دەبێت،کە زانیارییەکانی تیدا تۆمارکراوە، بەڵام یادگەی کاتی مرۆڤ توانایەکی سنووورداری هەیە پاش ئەوەی پڕدەبێت زانیارییەکان لە یادگای درێژ خایەن تۆمار دەکرێت، بۆ هەڵسەنگاندنی دەق تا بزانرێت ڕێك و گونجاوە پێویستە هەندێ لە زانیارییەککان لە یادگەی کاتی تۆماربکرێت، ( هەرچەندە نرخی ئەم زانیارییانە گەورەتربێت ئەوا ساناتر دەتواندرێت بیان گەڕێنینەوە) (٣٧)، ( بۆ هەر دەقێکیش کۆمەڵێك بنەما هەیە تا بتوانێت خوێنەر چارەسەری دەقەکەی پێبکات و دواتریش لێکی بداتەوە) (٣٨) .

**ج- دەوروبەری دەروونی و کۆمەڵایەتی ( کاریگەری دەق ) :**

مەبەستمان لەو کاریگەرییەیە کە دەق دەیکاتە سەر بەکارهێنەری زمان، جا تاك بێت یان کۆمەڵ ، ( ئەم جۆرەی دەوروبەر باس لە بنەما کۆمەڵایەتییەکان کە ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەیە لە تێگەیشتنی دەق) (٣٩) .

**د- دەوروبەری کۆمەڵایەتی ( ئاوێتەبوونی دەق ) :**

واتە گرنگی دان بە پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی زمان و دەوروبەری کۆمەڵایەتی، چونکە بارە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمهێنەری دەقی بێهاوتان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش تایبەتمەندی گشتی هەیە دەوروبەرەکان پابەندی پێوەرن و

بە بەردەوامی دووبارە دەبنەوە، لە دەورووبەرە گشتی و تایبەتەکان وشە نرخی کردەی قسەیی وەردەگرێت، ( دەق وەك کردەیەکی قسە تەنها دەورووبەری کۆمەلآیەتی دیارناکات، بەڵکو دەورووبەری کۆمەلآیەتی خۆی چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان دیاریدەکات) (٤٠) .

**هـ- دەورووبەری کەلتووری ( دەق وەك دیاریدەیەکی کەلتووری ) :**

دەق بە دیاریدەیەکی کەلتووری دادەنێت، چونکە لە ڕێگایەوە دەتواندرێت هەندێ کوتکراوە و پوختە دەربێنینکە گرنگی دەدات بە بنیاتی کۆمەلآیەتی و کۆمەڵە کەلتوورییەکان، ( هەروەها دەتوانین گفتوگۆی بەکارهاتوو لە دەورووبەری تایبەت دەبێنین و رۆڵی ئەندامانی کۆمەڵگا و ئەرك و مافیان دەستنیشان بکرێت) (٤١) . لێرەدا دەتوانین بلێین ئەو واتایەی کە خوێنەر بەدوایدا دەگەرێت لە دەوروبەر دەدۆزرێتەوە، بەمەش دەق جارێکی تر لە لایەن خوێنەر دادەرێژرێتەوە، بە واتایەکی تر خوێنەر دەقێکی تر دادەهێنێت :

دەق ← دەوروبەر ← دەق ٢

بەڕای من ناتواندرێت بە هیچ جۆرێك دەق بگەرێنینەوە بۆ دەورووبەرە ڕەسەنییەکەی، ئەو دەورووبەرەی کە دەشدۆزرێتەوەش دەورووبەرێکی گریمانەیی و تەمومژاوییە، چونکە دەق دانەیەکی سیمانتیکییە نەك پراگماتیکی، بەلآم بەستانەوەی دەق بە دەورووبەر وا لە دەقەکە دەکات مامەڵەی گوتاری لەگەڵ بکرێت .ئەمەش بۆچوونی هەندێك لە زمانەوانەکانە کە دەق و گوتار بە هاوواتا دادەنێن لەوانەش ( جۆلیان گریماس، چونکە لە زمانە ئەوروپییەکان دەق و گوتار بۆ بەکارهێنانە گوتارییە نازمانییەکان بەکاردێنن وەك: فلیم و ڕێورەسمی جیاواز و چیرۆکی وێنەیی ....هتد.کە هەمان بۆچوونی گیلبرت و مولکای ١٩٨٤ Gilbert and Mulkay یە کە دەڵێن : گوتار هەموو شێوەکانی نووسین و ئاخاوتن دەگرێتەوە) (٤٢) .

**٥- دەق لە نێوان مەبەستی نووسەر و تێگەیشتنی خوێنەر :**

**أ- دەق و مەبەستی نووسەر :**

ئاشکرایە دەق جۆرێکە لە نوسین،کە لە قسەی ئاسای ناچێت لە دەرەنجامی سروشتی ئەو ئەرکەی کە هەیەتی و ئەو ئامانجەی کە بۆی نووسراوە، لە چوارچێوەی پەیوەندی دەچێتەدەر، بەلکو دەپەرێتەوە بۆ ئەرکی وروژاندنی وەرگر، ئەمەش لە رێگای کەرەستە زمانییەکان، ( سەرکەوتن و ناوبانگی نووسەر بە جەماوەرکەیەوە بەندە، چونکە دیاریدەیەکی کۆمەلآیەتییە لە بنچینەدا) (٤٣). ( ئەم تەکنیکانەی کە نووسەر دەیکات جۆرە تەمومژییەك دروست دەکات لای خوێنەر و بەمەش چەند خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت) (٤٤)، تەمومژەکانی نێو دەق جۆراوجۆرن بە پێی جۆری هێماکان، هەندێکیان لێکدانەوەیان سنووردارە وەك کەسایەتییە مێژووییەکان، لێرەدا لێکدەروە بەگوێرەی زانیاری باك راوەندی خۆی دەجولێتەوە و لایەنێك هەڵدەبژێرێت، هەندێکی تریش تایبەتە بە داهێنەری دەق هەرچەندە واتایەکی گشتیشان هەبێت، بەلآم لە ڕێگای بارگاویکردنی بە بارگەی دەروونی و تاقیکردنەوەکانی خۆی لە رەگەوە هەڵیدەتەکێنێت و بەتاڵی دەکاتەوە لە واتا فەرهەنگییەکەی بەمەش هێماکە بەرگێکی تەمومژاوی دەکاتە بەر و سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت، بەمەش ( خوێنەر پێویستی بە ڕامانی زیاتر دەبێت بۆ تێگەیشتن لە واتا نوێیەکەی) (٤٥)، ئەمەش دەرگای فرەخوێندنەوە لە دەق دەکاتەوە و وا لە خوێنەر دەکات خۆی لە واتا سەرزاری و رووکەشەکە لابدات، لێرەشدا پێویستیمان بە خوێنەرێکی بە توانا دەبێت بۆ کردنەوەی ئەم هێمایانە و دەستنیشانکردنی رەهەندەکانی، لە کۆتایی هەر خوێندنەوەیەکدا خوێنەر یا لێکدەرەوە تێگەیشتن و

خوێندنەوەکەی بە ئاراستەیەك دەبات کە خۆی باوەڕی پێیەتی و پشتگیری دەکات . لێرەد پرسیارێك دێتە ئاراوە ئایا مەبەستی نووسەر و خوێنەر بەیەك دەگەن ؟ بۆ ئەم وەلاَمە ڕەنگە بەیەك بگەن و ڕەنگە لەیەکیش دووربن ؟

**ب– دەق و تێگەیشتنی خوێنەر :**

(خوێندنەوە کردەیەکە لە ڕێگەیەوە دەتوانین لە دەقی نووسراو بگەین، دافیدکوبر Daived Coper تێگەیشتن لە دەق کردەیەکی بنیاتنانی واتایە لە ڕێگای وەرگرتنی بیرۆکەی گرنگ و بەستانەوەی بە بیرۆکەی پێشووتر) (٤٦) ( تێگەیشتن لە دەق کردەیەکە کە خوێنەر ئاوێتەی دەبێت تێگەیشتن لە دەقی نووسراو سێ تایبەتمەندی هەیە : خوێندنەوە، بنیاتنانی واتا، ئاوێتەبوون)، (٤٧)کە دەتوانین لەم هێلکارییەی خوارەوە بیخەینەڕوو:




خوێنەر کە دەق دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەیە کە تێبگات، خوێندنەوە بە دوو قۆناغ دا دەڕوات :

**أ– کردەی خوێندنەوە :**

لەم قۆناغەدا خوێنەر هەوڵدەدات، واتای بەشە جۆراوجۆرەکانی دەق گرێبدات، بەمەش تێگەیشتن ناتەواو دەبێت .

**ب–کۆتایی کردەی خوێندنەوە :**

لەم قۆناغەدا خوێنەر ئاوێتەی دەقەکە دەبێت و تێدەگات. خوێنەر کاتێك دەقێك دەخوێنێتەوە لە یادگەیدا کۆمەڵێك تایبەتمەندی زانین و تاقیکردنەوە و ڕەوشتی هەڵگرتووە، ئەم بیرۆکە و زانینانەش کاریگەرییان هەیە لەسەر هەموو پارچەکانی دەق، ئەم ئاوێتەبوونەی کە لە ئەنجامی خوێندنەوە دەیگەیێ وامان لێدەکات بڵێین، واتا هەڵقولاَوی کارلێککردنە لە نێوان پێشنیازی دەق و زانینی پێشتری مێشکی خوێنەر .

( جیۆڤانی Giovannini تێگەیشتن لە دەق واتە خستنەسەری زانیاری بۆ ئەو زانیاریانەی کە دەیزانین و هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش لێکدانەوەی لۆجیکی بۆ دەکەین) (٤٨) پلەی تێگەیشتنیش بە بڕی ئەو زانینە پێشینەیەی خوێنەر دیاریدەکرێك کە هەیەتی، بەم پێیە

هەرچەندە زانینمان زیاتر بێت تێگەیشتنمان قوڵتر دەبێت. ( لیمەر زینینو Lemer de Zunino پێی وایە زانیاری پێشتی پەیکەری زانینە، واتە ڕێگایەکە بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان و هۆیەکانی تێگەیشتن) (٤٩) خوێنەر بۆ بنیاتی واتا چەند چالاکییەك ئەنجام دەدات تا بە کۆواتای دەقەکە بگات کە لەم هێلکاریەدا دەیخەینەڕوو:




هەروەك دەبینرێت سەرەتا خوێنەر واتای وشەکان دیاری دەکات و کۆدەکان دەکاتەوە لە ڕێگای فەرهەنگی خودی خۆی لە چوارچێوەی واتا گونجاوەکەی لە دەوروبەر، دواتریش قۆناغی بەستنەوەی وشە و ڕستەکان لەگەڵ پەرەگراف دەستپێدەکات، ئینجا قۆناغی شیکردنەوەی واتایی دەست پێدەکات کە بریتیە لە بەستانەوەی بیرۆکەکانی پەرەگرافەکان تا بنیاتێکی واتایی ڕێك و گونجاوی هەبێت لە کۆی گشتی ئینجا پەیوەندییە واتاییەکانی هەموو یەکەکان دەربێنێت و بیانبەستێتەوە بە بیرۆکەکانی بە شێوەیەکی هەرەمی و پلیکانەیی لەسەر کۆئاستی دەق .

**٦- پڕکدنەوەی بۆشایی دەق :**

خوێنەر بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی دەق پەنا بۆ سێ ستراتیجیەت دەبات،کە تەواوکەری یەکترین و بە پێی ئامانجیش دەگۆڕێن، ستراتیجییەت بڕبڕەی پشتی کردەی تێگەیشتنە، چونکە گشت کون و کەلەبەرەکانی دەق پردەکاتەوە کە لە لایەن نووسەرەوە بەجێهێشتراوە (٥٠) :

**أ- خوێندنەوەی هەڵبژاردن** Mmuestreo :

بریتییە لە توانای هەڵبژاردن و پوختکردنی واتای وشە و بیرۆکە بە سوودەکان تا لە دەقەکە بگات بێ ئەوەی هەموو بخوێنێتەوە .

**ب- پێشبینیکردن** Prediddion :

بریتیە لەو توانایەی کە خوێنەر هەیەتی بۆ پێشبینیکردنی واتای بەشێکی دەقەکە پێش ئەوەی بێت وەك پێشبینیکردنی کۆتایی .

**ج- دەرئەنجام** Inferncia :

پەیوەندییەکی لۆجیکییە پێشەکی و ئەنجام بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بە واتایەکی تر گواستنەوەیە لە زانراوەوە بۆ نەزانراو، لە لۆجیکدا گواستنەوەیە لە پێشەکییەك یان زیاتر،کە ساغکراونەتەوە بۆ ئەنجام، دەرەنجام پێکدێت لە :

**أ- بەرەئەنجام :**

پێشەكییەكان دەگرێتەوە بە گەورە و بچووك و مایەی تێبینیكردنە بۆ گەیشتن بە هەڵێنجان .

**ب- هەڵێنجان :**

دەرهێنانی ئەنجامە لەو زانیارییانەی كە لەبەردەستمان دایە وپەیوەستە بە بیرتیژی زانستی شرۆڤەكار،كە دواتر دەبێتە دەستوور و بنەما و یاسا بە پێی پلەی ساغبوونەوەی .

**١- شێوەیی :**

گرنگی بە بیر دەدات واتە پەیوەندی نێوان وشە و رستە و ....هتد. پێویست بەوە ناكات بگەڕێتەوە بۆ واقیعی دەرەوە و راستییەكەی بەندە بە رێكی و گونجان و نەبوونی دژایەتی لە نێوان پێشەكی و ئەنجامەكان .

**٢- مادی :**

گرنگی بە ناوەرۆك یان واتا دەدات و پشت بە پێدراوە هەستییەكان و واقیعی دەرەوە دەبەستێت و راستییەكەی بەندە بە رادەی لێكچوونی لەگەڵ جیهانی دەرەوە.

دەرەنجام لە دەقدا بریتیە لە هەڵێنجانی و دەرهێنانی واتای دەوروبەری دەق،كە نەگوتراوە لە رێگای گەڕانەوە بۆ ئەو زانیارییانەی كە گوتراوە، دەرئەنجام واتایەكی شاراوەیە لە پاڵ واتا فەرهەنگییەكەی بەدیاردەكەوێت .(كاسانی، لونا سانز Cassany,Luna,Sanz وا پێناسەی دەركەوتە و دەرئەنجام دەكەن بریتییە لەو شارەزاییانەی،كە وامان لێدەكات لە لایەنێكی واتای دەق بگەین لە رێگای واتای سیمانتیكی پارچەكانیتر ئەمەش لەرێگای پركردنەوەی ئەو كەلەبەرانەی كە بنیاتی واتا هەڵدەپەسێرن) (٥١) ، بەمەش واتای دەق دەبێتە دوو ئاست :

**أ- واتای سەرەوە :**

واتای رووكەش و زمانی دەگرێتەوە،كە واتای چەمكی و فەرهەنگی وشە و رستەكانە .

**ب- واتای قووڵ :**

ئەو واتایەیە كە لە رێگای دەرئەنجامەوە دەیگەینی و پشت بەستوو بە زانیاری پێشینە لە دەوروبەر هەڵیدەهێنجین. توانای بەدەستهێنانی دەرئەنجام و دەركەوتە بە شێوەیەكی پلیكانەیی گەشە دەكات و بڕی تێگەیشتن بەندە بە قەبارە و جۆری دەركەوتەكانی خوێنەر .

**٧- كورتكردنەوەی واتای دەق**

خوێنەر بۆ تێگەیشتن لە چەمكە لێلەكان پێویستە جیاكاری لە كۆمەڵە وشە گرنگەكان بكات،كە زۆر دووبارە دەبنەوە و واتای گشتی دەقەكەی لەسەر بەندە و بێ زانینی ئەم واتایانە لە دەقەكە ناگەین، بە واتایەكی تر تێگەیشتنە لە واتای ئەو وشە گرنگانەی كە هەڵگری بیرۆكەی دەقەكەن و لە رێگای ئەو وشانەوە چەمك و رووداو و پێناسە و گریمانەكان دیاریدەكرێن . (كاسانی، لونا Cassany,Luna,Sanz پێیان وایە ئەم وشانە رۆڵی كلیل دەگێرن لەناو دەق و دیارترین تایبەتمەندیشیان ئەوەیە كە زۆر دووبارە دەبنەوە و جێگای بەرچاویان هەیە) (٥٢)، بۆ دیاریكردنی ئەم كلیلانە ( خوێنەر دەتوانێت پەنا بباتە بەر ئامرازەكانی پەیوەندی وگەیەنەر و لكاندنی دەق Conectores كە ئەركی لێكدانی رستە و پەرەگرافەكان دەبینێت و جولانەوەی ناوەوەی دەق رێكدەخات و پەیوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر و دەق بەهێزدەكات) (٥٣) .یەكێ لەم شێوانەی كە جولانەوەیەكی رێكخراویان هەیە لەناو پەرەگراف (كات)ە كە بە شێوەیەكی زنجیرەیی پێشینەی روودان یان بە پێی پەیوەندی لۆجیكی یان قۆناغەكانی راپەڕاندنی كارەكان،كاتەكان رێزدەكرێن. بە هەمان شێوەش شوێن بە تایبەتی لە دەقە وەسفییەكان و گواستنەوە لە تایبەتەوە

بۆ گشتی یان لە گشتییەوە بۆ تایبەت و بەستنەوەی ئەنجام بە هۆ .

خوێنەر پاش دیاریکردنی وشە گرنگەکان کە کۆواتای دەقی لەسەر بەندە، دەبێت خۆی رزگار بکات لە زانیارییە زیادەکان، لابردنی زانیارییە زیاد و دووبارە و ناپێویستەکان، ( فان دیك Van Dijk، ئەم کردیە بە دەستووری فراوان Macroreglass ناودەبات کە کۆمەڵە کردەیەکە لە رێگای سێ دەستوور کۆواتای دەق کورت دەکاتەوە بۆ :

أ- **لابردن** Supresion : زانیارییە نا پێویستەکان دەگرێتەوە وەك: دووبارەبوونەوە و روونکردنەوە و درێژبڕی ...هتد.

ب- **فراوانکردنی واتا** Generalizacion : قەربووی کۆمەڵێك رستە دەکاتەوە بە رۆنان و دەربڕینێکی تر کە لە رووی واتاوە گشتیتر و روونترە.

ج- **دارشتنەوەی بنیات** Construccion: بریتییە لە تێکەڵکردنی کۆمەڵێك مەسەلە لەگەڵ یەك و کورتکردنەوەی، ڤان دایك پێی وایە ئەم کورتکردنەوەیە کاریگەری لە کۆواتاکەی دەق دەکات و واتاکەی دەگۆڕێت) (٥٤) .

ئاشکرایە دەق واتایەکی تەواوی هەیە و لە کۆمەڵێك پەرەگراف پێکهاتووە و پەرەگرافەکانیش لە کۆمەڵێك رستە پێکهاتووە، بۆ تێگەیشتنی تەواو پێویستیمان بە دیاریکردنی بیرۆکەی سەرەکی دەقەکەیە، دەستنیشانکردنی ئەم بیرۆکەیە رێگامان بۆ خۆشدەکات کە جۆر و شێوەی یەکە دەقییەکان دەستنیشان بکەین کە دەقەکەی لێپێکهاتووە، ئەم شێوانە بە شێوەیەکی بەرچاو لێکدانەوەی دەق دیاریدەکات، هەر دەقێك پێکهاتەیەکی جێگیر و سیستەمێکی گشتی دەقی هەیە Superestructura کە رێکەوتنە زمانی و شێوازی و رۆنانییەکان دیاریدەکات، شارەزابوونی خوێنەر بە جۆری دەق وەك گێڕانەوەیی و وەسفی... هتد. رێگا ئاسانی دەکات بۆ تێگەیشتنی .

شێوەکانی دەق سیمای دەوروبەری و کلیلیلی هەیە کە رێگا بۆ خوێنەر خۆشدەکات تا لەسەر ئاستی سیمانتیك و پراگماتیك زانیارییەکانی نێو دەق بەیەکەوە گرێیدات بە هەمان شێوەش دەتوانێت تۆن و مەبەستی نووسەر دیاریبکات لەسەر بڕگەکان و پەیوەندی لۆجیکی و هۆیی و لێکچواندن و بەرامبەری و کاتی و شوێنی ....هتد. لە نێوان پارچە جۆراوجۆرەکان پێکبێنێت، جا بۆ دۆزینەوەی واتایەکی وردی دەق پێویستیمان بەو پەیوەندیانە دەبێت پارچەکان بەیەکەوە گرێیدات :

أ- دەرنجامی هەڵوێست و مەبەستی نووسەر لە بڕگەیەك یان پارچەیەك لە دەق .

ب- دەرەنجامی مەبەستی کەسایەتییەکان بۆ دۆزینەوەی کە ئامانجی بەدەستهێنانی پاڵنەر و هۆکارەکانە،کە وا دەکات ئەم کەسایەتیانە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەڵسوکەوت بکەن تا پلانەکەیان سەربگرێت و بە ئامانج بگەن .

ج- دەرەنجامی زنجیرەی رووداوەکان،کە چۆن کۆمەڵێك کردە و هەڵسوکەوت و بار بە شێوەی زنجیرە لە دوای یەکدێن و راماندەکێشێت بۆ ئەنجامێکی دیار .

د- دەرەنجامی هۆکارەکان،کە یارمەتیمان دەدات بۆ دیاریکردنی هۆ و پاڵنەری رووداو و هەڵسوکەوت و بارودۆخەکان کە روودەدەن و تێگەیشتنمان فراوان دەکەن و بەشێوەیەکی شاراوە لە دەوروبەری دەقەکە دەدۆزرێتەوە.

هـ- دەرەنجامی وامان لێدەکات رووداوە مادی و پلانە دارێژراوەکانی کەسایەتییەکان پێشبینی بکەین .

و- دەرەنجامی بەراورد یان بەرامبەری،کە پەیوەندی لێکچوون و دژ دەخاتەڕوو، بۆ پەیوەندی لێکچوون پێویستی بە خستنەرووی بنەمای لێکچواندن هەیە لە

نێوان شت و ڕووداوەکان و واقعی کەسایەتییەکان، پەیوەندیە دژەکانیش پێویستیمان بە بنەما جیاوازەکان دەبێت .

ز- دەرەنجامی پێشبینیکردن، ڕێگامان بۆ خۆشدەکات بۆ گریمانەکردن و بۆچوون،کە ئەگەری هاتنەکایەی هەیە وەك ئەوەی لە خوێندنەوەی پارچەیەك پێشبینی شتێك بکەیت و لە پارچەکانی داهاتوو پێشبینییەکە ڕاست دەرچێت .

ح- دەرەنجامی پاڵپشتی کە ڕێگامان بۆ خۆشدەکات کە پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵێك ڕستە بدۆزینەوە وەك پەیوەندی ڕێزمانی و لێکسیکی و واتایی کە لە ڕێگای دووبارەبوونەوەی وشە و ئامرازەکانی پەیوەندی جێگۆڕکێی ڕاناوە کەسییەکان و هاوواتا و لابردن و نیشانەکانی کات و شوێن ....هتد. ئەنجام دەدرێت .

**تەوەرەی سێیەم : واتای دەق و تێگەیشتنی خوێنەر**

**١- جۆرەکانی واتای دەق :**

دەق خاوەن دوو جۆرە واتایە،(سیمانتیکی و پراگماتیکی) بەڵام ( بەستانەوەی دەق بە دەوروبەر وامان لێدەکات واتا سیمانتیکییەکە پشتگوێ بخەین وگرنگی بدەین بە واتا لە دوو ڕووەوە لە ڕوانگەی قسەکەر و گوێگر) (٥٥) کە بریتییە لە :




دەق لە ڕوانگەی سیمانتیك دا کۆمەڵێك بەستنەوە و پەیوەندی ڕۆنانی و واتاییە، واتای دەق دوو جۆرە واتای سیمانتیکی بۆ دەق Text واتای پراگماتیکی بۆ گوتار Discourse :

**أ- واتای سیمانتیکی دەق :**

دەق واتاکەی لە سنووری سیمانتیکدا لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستە وەردەگیرێت،کە لە دوو ئاست تێپەڕناکات و دەتوانین لەم هێلکاریەی خوارەوەدا بیخەینەڕوو :



**١- واتای ئەركی :**

واتای ڕێزمانی دەگەیەنێت و ئەو واتایە وشەكان لە وشەكانی تری نزیك خۆی یان لە شوێنەكەی وەریدەگرێت .

**٢- واتای ڕەها :**

واتای فەرهەنگی وشە دەگرێتەوە كە واتایەكی بنچینەیی نەگۆڕ و چەسپاوە. لە شیكردنەوەی سیمانتیكی دەق باس لەم لایەنە واتاییانەی خوارەوە دەكرێت :

أ- فرەواتا و هاوبێژ Homonym

ب- هاوواتا Synonym

ج- دژواتا Oppositions

د- دووبارە بوونەوە Repetitions

شیكردنەوەی سیمانتیكی دەق زیاتر پشت بە ڕێبازی ڕۆنانكاری دەبەستێت و لە ڕێگای ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەق شیدەكاتەوە :

١- دەستنیشانكردنی دەق و جۆرەكەی .

٢- شیكرنەوەی بنیاتی ناوەوەی دەق وەك لە ڕووی: دەنگ، لێكسیك، ڕستە، واتا، ....هتد.

٣- دەرهێنانی وتای گشتی دەقەكە .

٤- دەستنیشانكردنی بەڵگە و نیشانە و سەلماندنی زمانی و ئەدەبی و فەلسەفی.....هتد.

٥- دەستنیشانكردنی شێوازی خستنەڕوو و لێكدانەوە و ڕێكی و گونجانی دەق .

٦- لكاندنی ئەنجامەكان و بۆچوونی تایبەت و سنووری ڕێباز بە باشی و خراپی هەڵدەسەنگێنم .

**ب- واتای پراگماتیكی دەق :**

ئەم واتایە لە دەوروبەر وەردەگیرێت و دەبێت شیكردنەوەی پراگماتیكی بۆ دەق بكرێت و بخرێتە دەوروبەرەوە، ( شیكردنەوەی گوتار وا دەخوازێت ئەو بارودۆخە بگەڕێندرێتەوە،كە دەقەكەی تیادا نووسراوە، هەر بۆیەش دەوروبەر بنەمایەكی گرنگە بۆ شیكردنەوە) (٥٧)، شیكردنەوەی گوتار سنووری ڕۆنانی سەرەوەی دەق تێدەپەڕێنێت هەوڵ دەدات خوێنەوەیەكی لێكدانەوەیی بۆ بكات و هەموو هێماكان شیبكاتەوە و ئەوەی نەگوتراوە باس بكات، شیكردنەوەی دەق و گوتار بە سێ هەنگاو دەكرێت :

**أ- شێوەی گوتار :**

مەبەستمان ڕۆنانی زمانی گوتارە لە ڕووی شێوەوە، ئایا دەقەكە پتەوە و مەرجەكانی دەقی تێدایە، وەك پتەوی شێوەیی لە ڕووی ئامرازەكانی بەستنەوە و دووبارەبوونەوە و گەڕانەوە و لابردن...هتد. سەرەڕای ئەمانەش ئەو داب و نەریتانە دەگرێتەوە كە بە پێی سەردەم دەقێك لە یەكێكی تر جیادەكاتەوە.

**ب- ناوەرۆكی گوتار :**

پەیامی دەقەكە دەگرێتەوە كە چ واتایەكی هەڵگرتووە، لەگەڵ خستنەرووی كارلێكردنەكان لە نێوان وشە و ڕستە و چوونە ناو ناخی ڕۆنانی ژێرەوەی دەق تاكو كۆواتای دەقەكە دەربهێنرێت .

**ج- دەوروبەری گوتار :**

چوارچێوەی زانین و كەلتوور و ئایدۆلۆجیا دەگرێتەوە،كە كاری كردۆتە سەر دەقەكە و دەقێكی تری لەسەر بنیات نراوە .

شیكردنەوە گوتار یان دەق بەلای كەمەوە دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە :

- قسەكەر كێیە لە دەق ؟

- وەرگر كێیە ؟

- بابەتی دەقەكە چییە ؟

- مەبەست چییە ؟ چۆن شتێك دەڵێین و مەبەستمان شتێكی ترە ؟

- چۆن لێلی و تەمومژی لە كردەی پێوەندیكردن دەرەوێنینەوە ؟

- ئاخاوتنەكە كەیە و لەكوێییە ؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆچوونەكەی ڤان دایك ڕامان دەكێشێت كە دەڵێت: ( دەق یا گوتار كردەیەكی

قسەییە، بە پێی تیۆری کردەی قسەیی ئۆستن و سێرێل، بۆ ئەوەی واتایەکی ورد وەرگرین پێویستە لە چوارچێوە تەسکەکەی دەوروبەر دەرچین بۆ دەوروبەری دەروونی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئەندێشەیی.....هتد) (٥٨)

بۆ شیکردنەوەی دەق پێویستیمان بە چوار جۆرە دەوروبەرە بۆ روونکردنەوەی واتاکان (٥٩):

١- دەوروبەری کات و شوێن و ناسنامەی ئاخێوەران کە چوارچێوەی مادی و کات و شوێن دیاریدەکات، هەروەك بارهێل و مۆنتاك دەڵێن : دەوروبەر بەشداربووانی ئاخاوتن دەگرێتەوە لە جیهانی واقیعی .

٢- دەوروبەری پراگماتیکی : ڕێزبەندی کردەزمانییەکان دەگرێتەوە وەك پێشنیاز و ڕەتکردنەوە و پراکتیزەکردن ....هتد .

٣- دەوروبەری کالێکردن : مەبەست ڕێزبەندی کردە زمانییەکانە لە پارچەیەکی تێکچڕژاو کە ئاخێوەران لەسەر بنەمای نۆبەی قسەکردن بەڕێوەدەچێت وەك : پێشنیاز و ڕەتکردنەوە....هتد .

٤- دەوروبەری دەرکەوتە : مەبەست بۆچوون و بیروباوەڕی ئاخێوەران دەگرێتەوە .

**٢- قۆناغەکانی شیکردنەوەی دەق :**

(شیکردنەوەی دەق و گوتار کردەیەکی هەڵوەشاندنەوەیە کە بە ئاگایی و بێ ئاگایی ئەنجامی دەدەین لە کاتی شیکردنەوەی گوتارێك یان دەقێك) (٦٠) ، ( هالیدای (M.Halliday) پێی وایە دەوروبەر دەقێکی شوێن کەوتووی دەقی دیارە، و پردێکە بۆ بەستنەوەی زمان بە ژینگەی دەرەوە) (٦١) .بۆ قۆناغەکانی شیکردنەوەی دەق تێڕوانینی جۆراوجۆر هەیە، بۆ نموونە (بوجراند Beaugrande و دسلر Dressler) قۆناغەکانی پێش لێکدانەوە بەم شێوەیە دەخەنە روو(٦٢) :

١- دەستپێپێکردن لە ڕۆنانی سەرەوەی دەق .

٢- شیکردنەوەیەکی ئاسۆییانەی پەیوەندییەکانی نێودەق.

٣- چالاکردنی بۆچوونەکان و پەیوەندییە ئەمبارکراوەکانی ناو مێشك واتە قۆناغی هێنانەوەی بیر و بۆچوونەکان و پلاندانان.

٤- جێبەجێکردنی کار و کاردانەوەکان

تاکەکان جیاوازن لە درکپێکردن و دیاریکردنی سیماواتاییەکان هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆچوون و رای جیاواز دروستبێت لە لێکدانەوەکان، چونکە ( دەق فرەواتایە و خوێنەریش هاوبەشە لەگەڵ دانەر بۆ پێدانی واتا بە فۆرمەکان) (٦٣) شیکردنەوەی دەق بۆ چەند ئامانجێکە وەك: گەیشتن بە ئامانج،گەیشتن بە تێرکردنی دەروونی....هتد.لە لێکدانەوەی دەروونی ئامانجمان درکپێکردن وگەیشتن بە بەواتایە کە داهێنەرەکە مەبەستییەتی،جا هەردەقێك بدەین بە چەند کەسێك بۆ لێکدانەوەی واتاکەی بێگومان لێکدانەوەکان جیاواز دەبێت، چونکە توانا و شارەزایی و هەست وسۆزی وەرگێرەکان جیاوازن هیچ یەك لەم لێکدانەوانەش ناتوانین بڵێین کۆتاییە، چونکە دەق بۆخوێنەر نووسراوە بۆیەش ئازادە لە شیکردنەوەی واتای دەق، جا شیکردنەوەی هەردەقێك پەیوەندی بە سێ ڕەهەندی زمانییەوە هەیە کە بریتین لە(٦٤) :

١- ڕەهەندی سینتاکسی کە پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی رستە شیدەکاتەوە.

٢- ڕەهەندی سیمانتیکی پەیوەندی نێوان پەیام و جیهانی واقع لێکدەداتەوە.

٣- ڕەهەندی پراگماتیکی پەیوەندی پەیام و نێنەر و وەرگر دەردەخات .

شیکردنەوەی دەق مامەڵەیەکی وردی دەوێت، چونکە ڕاڤەکر خۆی لە نێو دوو جیهان دەبینێتەوە،جیهانی واقع و جیهانی داهێنان، ڕاڤەکەر هاوبەش دەبێت لەگەڵ دانەر بۆ گەیاندن ئەو واتایەی پێیدەدات دەچێتە خانەی واتای دەقەکەوە. تێگەیشتن و لێکدانەوە و گەیشتن بە دەرەنجام واتە کورتکردنەوە و (

گۆرینەوەی هێما بە هێمایەکی روونتر لە دەقدا پەیوەستە بە توانستی پراگماتیکی Pragmatics competence لێکدەرەوە توانای تێگەیشتن و زانینی پێویستە بۆ دیاریکردنی ئەو واتایەی کە رستەکان دەیگەیەنن ) (٦٥) ( ئەمەش پەیوەستە بە پاشخانی رۆشنبیری، Back round بەواتایەکی تر دەبێت توانای لێکدانەوە و شیکردنەوەی رستە ناوێزەکانی هەبێت ) (٦٦) ( شیکەرەوە بەشێك لە دەسەڵاتی دەکەوێتە دەست بۆ جیاکردنەوە و دیاریکردنی واتای دەق)، (٦٧) ئەگەر خاوەن زانین بێت دەربارەی رەهەندە کاتی و شوێنی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەرکی راڤەکەر شیکردنەوە نییە، بەڵکو دووبارە دارشتنەوەیەتی بە پێی درکپێکردن و بۆچوونی خودی خۆی.

**٣- شیکردنەوەی دەق :**

واتا و مەبەست دوو شتی لەیەك جیاوازن، واتا فراوانترە لە مەبەست و بریتییە لە واتای فەرهەنگی وشە و واتای رێزمانی رستە و واتای دەق کەچی واتای مەبەست پەیوەستە بە خاوەنی قسەکە یان دەقەکە، بەم پێیە واتای مەبەست ئەو واتایەیە کە نوسەر یان قسەکەر مەبەستییەتی جا ئەگەر خوێنەر یان گوێگر لێیتێبگات وەیا بە واتایەکی تر لێی تێبگات.بۆ لێکدانەوەی هەر دەقێك پێویستە سێ بنەما لەبەرچاو بگیرێت(٦٨) :

أ- بابەت : هێماو ئاماژەکان دەگرێتەوە .

ب- خوێنەر : خوێنەری بابەتەکە و زانیاری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکەی دەگرێتەوە .

ج- درکپێکردن بە بوونی واقعێکی دەرکی کە بابەتەکەی بۆ دەگەرێتەوە .

چۆمسکی پێی وایە کە باشترین رێگا بۆ لێکۆڵینەوەی زمان لێکۆڵینەوەی ئەقلی مرۆڤە لێکۆڵینەوە جوانکارییەکان لە رێگای سیما واتاییەکان توانیویانە جۆرێك لە پەیوەندی ئاخاوتن بێننە کایەوە، لێرەدا شاعیر رۆڵی قسەکەر یان هۆشیارکەرەوەی بینیوە لە رێگای هونەرەکانی رەوانبێژی بە وەك خوازە و خواست و درکە...هتد. واتای بارکردوە لە وشە، ئەمەش جۆرە قورسایییەکی خستۆتە سەر خوێنەر و بۆ ئەم مەبەستەش پێویست دەکات کەسێکی شارەزا واتاکە لێکبداتەوە. شیکەرەوەی سەرکەوتوو چەند مەرجێکی هەیە :

١- زانینی پسپۆری تایبەت مەرجێکە بۆ راڤەکەر،چونکە زانیاری زۆری پێویستە کە زووربەیان پەیوەندیان بە پاشخانی پسپۆرییەکەی خۆیەوە هەیە.

٢- زانیاری نێودەق، ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی شیکردنەوە و لێکدانەوە دێتە ئەنجام.

٣- زانیاری دەرەوەی دەق: ئەو زانیبارییانە دەگرێتەوە کە لێکدەرەوە لە دەرەوەی دەقەکە سوودی لێوەردەگرێت و یارمەتیدەرن بۆ لێکدانەوە،وەك فەرهەنگ و کتێب و بەڵگەنامە و یارمەتی کەسانی شارەزا.

کەواتە شیکردنەوەی دەق بریتییە لە کورتکردنەوە و پوختەکردنی واتای دەقێکی قورس بۆ خوێنەر، چونکە زانیارییەکانی نێودەقە قورسەکە زوربەیان بە ناراستەوخۆیی دەربراون لێرەشدا پێویستی زۆرمان بە پراگماتیك دەبێت بۆ شیکردنەوە، چونکە راڤەکەر بۆ شیکردنەوەی دەقەکە دەبێت بگەرێتەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی کە دەقەکەی تیادا گوتراوە ئەم کارەش بێی پراگماتیك ئەنجام نادرێت .

**٤- نموونەی پراکتیکی شیکردنەوە و تێگەیشتن لە دەقێکی هێمن موکریانیدا :**

بۆ شیکردنەوەی ئەم دەقە پێویستمان بە خوێندنەوەی مێشك و دەروونی شاعیر هێمن لە پەنا وشە و رستە دەربراەکان، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ هەر لێکدانەوەیەك دەبێت دوو جۆرە واتا لەبەرچاوبگیرێت (دەربراو و دەرنەبراو) جگەلەمەش شارەزای وەرگێر و جۆری بیرکردنەوە و بیروباوەڕ و بۆچوون و پێکهاتەی دەروونی و دۆزینەوەی دەوروبەر کاریگەری خۆی هەیە،

دروستكردن و دۆزینەوەی دەوروبەر پەیوەستە بە لێهاتوویی لێكدەرەوەی دەروونی،هاوكات لەگەڵ ئەمەشدا هەست و نەستی خۆی لە پەنا دەربڕینەكان دەخاتە روو، بۆ نموونە ئەم دەقەی هێمنی شاعیرماندا بە چەند پسپۆڕێك لە بواری ئەدەبدا بۆ شیكردنەوە و لێكدانەوە، هەروەك لە خوارەوە خستمانەتەڕوو، دەبینین شیكەرەوەكان خوێندەوەی جیاجیایان بۆ دەقەكە كردووە و هەر شرۆڤەكارێك بۆچوون و تێڕوانینێكی تایبەت بەخۆی هەیە.

(( ئینسانم ژیانم پێخۆشە :

**پێم خۆشە لەشاری ئاوەدان،لەشەقامی پاك و خاوێن لەگەڵ خۆشەویستان بگەرێم.پێم خۆشە لە ژووری گەرموگوڕ لەسەر نوێنی نەرم وەركەوم.پێم خۆشە سەر وە باسكێكی نەمونۆڵبكەم.پێم خۆشە كام خۆراك خۆشە لەپێشم بێ.پێم خۆشە كام شەراب چاكە لە جامِمدا بێ.دەمەوێ سەماو هەڵپەڕینی نازداران تەماشا بكەم.دەمەوێ جوانترین بالە ببینم،بۆ چاكترین ئۆپێرا گوێڕا بگرم.دەمەوێ بەرزترین سمفۆنیم بۆ لێبدرێ.نامەوێ دەربەدەر و سەرگەردانبم،بەتەنێ بە كێو و شاخاندا بگەرێم.لە ئەشكەوت و زەندۆڵان بخزێم.لەسەر بەردی رەق بنووم.قۆنداغی رەق و ساردی تفەنگ بكەمە سەرین.نانی وشك و كەرِواوی بخۆم،ئاوی سوێروگەرم بخۆمەوە.پێم خۆشنیە لاقەفرتە و چەنگرەی نیوە گیانان ببینم خوێن و فرمێسكم وەبەرچاوبكەوێ.پێم خۆشنیە بەتەقەی تفەنگ و گرمەی تۆپ هارەی تەیارە رابچەنم .**

**بەڵام**

**چیبكەم،كوردم**

**كۆیلەم**

**ئەوانە هەموو تەنانەت كوژران و كوشتنم پێ لە كۆیلەتی خۆشترە)) (٦٩) .**

گرانی ئەم دەقە لە چیدایە ؟

١- قورسی هەندێ وشە: ( زەندۆڵان،لاقەفرتە،چەنگرِە) كە بۆ هەندێ خوێنەر گرانە .

٢- بەزاندنی هاوڕێیەتی و بەیەكەوە هاتن بۆ نموونە:(وەركەوتن) هاوڕێیەتی و بەیەوەهاتنی لەگەڵ (سەگ) هەیە كەچی ئەو بۆ خۆی بەكاریهێناوە، ئەمە لە كەلتووری كوردی كوردستانی عێراق،بەڵام لە كەلتووری كوردی كوردستانی ئێران و ناچەی سوسنایەتی هاورێتی و بەیەكەوە هاتنی لەگەڵ مرۆڤیش هەیە بۆیە لەم دەقە هاورێیەتییەكە ئاسایدەبێتەوە و نابێتە بەزاندن بەمەش نائاسایی واتا دروست ناكات.

٣- هەڵئاوسانی واتایی لە جووتە وشەی (كێو و شاخ) چونكە واتاكانیان زۆر لەیەك نزیكە، بەڵام نووسەر وەك جووتە وشەیەكی هاورێ بەیەكەوە بەكاریهێناون.

٤- بوونی دوو داواكاری جیاواز و بەرامبەر بەیەك، بۆ نموونە دەڵێت: ئینسانم ژیانم پێخۆشە،دواتر دەڵێت كۆیلەم كوژران و كوشتنم پێ لە كۆیلەتی خۆشترە.داوای یەكەم هەڵقوڵاوی هەست و سۆزیەتی،بەڵام دواكاری دووەم داوای عەقلیەتی كە خۆشی دونیان ناگۆرێتەوە بە كۆیلایەتی سەرشۆڕی.

٥- هەروەك لە وتەكانی دەردەكەوێت لە شاخ بووە و ئازادبووە،بۆچی ئەڵێت من كۆیلەم ؟ لێرە شاعیر مەبەستی هەموو كوردە كە دەچەوسێندرێنەوە بەبەر چاوی گەلانی دونیا.

٦- شاعیر باس لە هەندێ شت دەكات كە لە كوردستان نین وەك: (بالیە،ئۆپێرا، سمفۆنیا)؟ شاعیر مەبەستی گەلانی دونیایە كە بێهەڵوێستن و لەخۆشی دونیا بێبەشن یان كۆمەڵگایەكی دواكەوتووە ئەم جۆرە شتانە لە كوردستان نین یان مەبەستی كوردەكانی هاندەرانە كە غەمی میللەتەكەیانە و لە هاندەران خەریكی چێژ وەرگرتنن لە خۆشی ئەوروپا.

٧- ئایا مەبەستی نووسەر گەیاندنی پەیامی نارەزاییە بە گەلانی دونیا؟ بەڵێ پەیامی نارەزاییە بۆ گەلانی دونیا كە میللەتێك هەیە بەناوی كورد كە تاكو ئێستاش دەچەوسێتەوە و لە هەمان كاتیشدا توانجە بۆ ئەو كەسانەی ژیانی كۆیلایەتیان قبووڵە لە كوردستان و روو ناكەنە شاخ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەمی زۆردارەكان.

٨- ئایا نووسەر بێزارە لەژیانەی كە تێیدایە و پەشیمانە لەو رێگەیەی گرتوویەتی؟ بەڵێ نووسەر بێزارە لەم ژیانە و ژیانی ئاسایی پێخۆشترە لە ژیانێكی نائاسایی و كولەمەرگی، بەڵام پەشیمان نییە .

٩- ئایا نووسەر هەست و سۆزی بەسەردا زاڵە یان ئەقڵ؟ نووسەر ئەقلی بەسەردا زاڵە، چونكە رێگای ئازادی هەڵبژاردووە نەك چێژ و خۆشی ژیان لە ژێر سێبەر كۆیلایەتی.

١٠- ئایا مەبەستی نووسەر لە تەنیای چیە؟چونكە ئاشكرایە كە شۆرش و پێشمەرگایەتی بە تەنها كەسێك ناكرێت. مەبەستی لە تەنیای تەنیایی میللەتی كوردە كە هیچ دۆست و پشیوانێكی نیە جگە لە شاخەكان.

چەند پرسیارێكی زۆر دێتە ئاراوە ؟ شرۆڤەكار دەیان وروژێنێ و تێكەڵ بە بۆچوون و هەست وسۆزی خۆی دەكات و لە قالبێكدا دایدەرێژێت و دەیخاتەروو. هەروەك لە لێكدانەوەی ئەم سێ پسپۆرەی بواری ئەدەبدا دەردەكەوێت :

**شیكردنەوە و تێگەیشتنی/١**

(( هێمن لە نووسینی ئەم چەند دێرە لە ژیاننامەی خۆیدا ویستوویەتی بەراوردێك لە نێوان خۆیی و میللەت و دەوروبەرەكەی بكات، ئامانجیشی لەم بەراوردكردنەدا گەیاندنی پەیامی بێداركردنەوە و هاندانی میلەتەكەیەتی بە گیان و هەستی شۆرشگێری، لە هەمان كاتدا بە ناراستەوخۆیی توانج دانە لەو كەسانەی كە هاوكار و هاوبیری نووسەر نین، لەوانە ژووری گەرموگورِ،نوێنی نەرم،باسكی نەرمونۆڵ خۆراكی خۆش، شەرابی چاك، سەماوهەڵپەرینی نازداران، جوانترین باڵا...هتد، بەشەكەی دیكەشیان بریتییە لە بەكارهێنانی كۆمەڵێك دەربڕین و وشە كە دەربڕی باری نووسەرەكەیە لە واقیعدا، لەوانە: (دەربەدەر و سەرگەردان و بەتەنێ، بەردی رەق، نانی وشك، ئاوی سوێروگەرم، تەقەی تفەنگ،گرمەی تۆپ...هتد) لە نێوان دەربڕینەكانی ئەم دووبەشە جیاوازەدا درك بە بوونی دژایەتییەك لە واتای وشەكان دەكرێت، وەكو (نوێنی نەرم،بەردی رەق)،(خۆراكی خۆش،نانی وشك)،(شەرابی چاك،ئاوی سوێر و گەرم).ئەم دژیەكانەش هەمووی رەنگدانەوەی ناخی نووسەرە لەیەك كاتدا ویستوویەتی رازونیازی دڵی هەڵرێژێ بە ناراستەوخۆیش توانج لەوكەسانە بدات كە لە پێناوی نەتەوەكەیاندا خەبات ناكەن، لەم روانگەیەوە دەكرێت بگوترێت كە نووسەر خۆی لە پلەیەكی بەرز داناوە، چونكە خۆی رادەستی كۆیلایەتی ناكات، لە دیدی ئەو كۆیلایەتی ناسنامەی ئەو كەسانەیە كە تەنیا خۆشی و غەریزەكانی خۆیان لا مەبەستە، سەرفرازیش شوناسی خۆی و ئەو كەسانەیە كە بەرژەوەندی نەتەوەكەیان بەلاوە لە هەموو شت گرنگترە)).

**شیكردنەوە و تێگەیشتنی /٢**

شاعیر لەم پەخشانەدا لە نێوان دوو هەڵوێستدا دەژی، یەكێكیان گوزارشت لە حەزەكپكراوەكان و خۆزگە سەركوتكراوەكانی دەكات، دووەمیان هەڵوێستێكە بە ناچاری، بەهۆی بارودۆخێكی سیاسی تایبەتییەوە بەسەریا سەپێنراوە. هەڵوێستی یەكەم لەناو ناخی شاعیردایە و بەخۆی بۆمانی ئاشكرادەكات، بەڵام دووەمیان گشتییە و لەوانەیە خۆشمان تێیدا بەشدار بین، چونكە ئێمەش ئەندامی ئەوكۆمەڵگە و خەڵكی ئەو وڵاتەین كە بەزۆر داگیركراوە و داگیركەرانیش بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان دەیانەوێت بە كۆیلایەتی بژین.

ئەم پەخشانە هەم دەچێتە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە و هەم دەیەوێت گوزارشت لە لایەنە مرۆییەکانی مرۆڤێکی خەباتکاری کورد بکات،کە وەکو هەموو کەسێکی ئاسایی ئەگەر دەرفەتی ئازادی هەبێت، لە باتی رووکردنە شاخ دەچێتە تەماشای هونەری بالێ و لە باتی گوێگرتن لە دەنگی تەقە و رمپەی بۆمبای فرۆکە حەزدەکات گوێ لە مۆسیقا بگرێ و لە باتی پەنابردنە بەر ئەشکەوت و زەندۆڵان روودەکاتە دونیای پر لە لەزەتی عاشقان و شەو لە ئامێزی کچێکی جوان، یان ژنێکی شۆخدا بەسەر دەبات.هێمن لەم دەقەدا ئەگەر چی بەراناوی لکاوی کەسی یەکەم دەدوێت، بەڵام لە راستیدا دەخوازێ تەعبیر لە هەستی خۆشەویستی ژیان و مرۆڤ بکات لە لای سەرجەم میللەتی کورد واتا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ تەعبیر لە ویژدانی میللەتی کورد دەکات.

ئەم دەقە دایەلۆگێکی ئاشکرای تێدایە لە نێوان مرۆڤی کورد و هەموو گەلانی دونیا. لە رێگای ئەو دایەلۆگەوە داکۆکی لە خەباتی ئازادیخوازانەی میللەتێك دەکات، هێمن لە روانگەیەکی نەتەوەییەوە داکۆکی لە خەباتی نەتەوەی کورد دەکات و دەیەوێ ئەوە روونبکاتەوە کە کورد ناچارە لە باتی دەست لە ملانێی خانمان، دەستکاتە گەردەنی رەق و ساردی تفەنگ و لەباتی سەماو شایی، رۆژانە لە کارەساتی مەرگی ئازیزانبێت، هەروەها ئەوەش نیشاندەدات کە لەم خەباتەدا کورد بێپشت و پەنایە، بەڵام ئامادە نییە بەسەر شۆڕی و کۆیلاتی بژی و مردنی بەلاوە لە کۆیلایەتی خۆشترە.

**شیکردنەوە و تێگەیشتنی/٣**

ناوەرۆك و کرۆکی ئەم دەقە بریتیە لە حەزی ئینسانێك لە ژیان، بەڵام کام ئینسان و کام ژیان ؟؟ ئینسانێك کە کوردە و ژیانێکیش دووربێ لە کۆیلایەتی و لە باوەشی ئازادی دابێ. شاعیر هاوکێشەیەك دەخاتە روو،کە جەمسەرێکیان پێکهاتووە لە ئینسان و ژیانێکی خۆش جەمسەرەکەی تریشیان کورد و کۆیلایەتیە، ئەنجامی ئەم هاوکێشەیە دەبێت چی بێ؟! شاعیر خۆی وەڵامان دەداتەوە لە رێگای خستنەرووی واقیعێکی تاڵی تایبەت بە کورد خۆی کە تیایدا ئیشکالیەتی کوردێك وەك بونێکی سەربەخۆ لە جەوهەردا و هەبوویەکی کۆیلەکراو دەردەخات.

شاعیر بۆ گوزارشتکردن لەم بیرۆکەیە هەوڵیداوە وێنەی ئەو ژیانە بکێشێت کە پێی خۆشە تیایدا بژی و بەرامبەر بەمەش وێنەی ئەو ژیانەمان پیشانبدات کە نایەوێت و پێی خۆشنییە تیایدا بژیت. بە مانایەکی تر ویستویەتی وێنەی بەهەشت و دۆزەخێك بکێشێت، بەهەشتێك کە ئەوەندە شەیدایەتی و پێی خۆشە تیایدا بژی لە رووبەری دەقەکەدا بە دووبارەکردنەوەی دەربڕینی (پێم خۆشە) شەشجار و (دەمەوێ) سێجار گوزارشتی لێوەکراوە.کەچی ئەو وێنە ناخۆشەی بەرامبەر بە خۆشی جیهانی یەکەم گوزارشتی لێوەکراوە کاڵبۆتەوە بەرامبەر بە وێنەی یەکەم و بەتەنها جارێك بەکارهێنانی(نامەوێ) و دووجار (پێم خۆشنییە) گوزارشتی لێوەکراوە تاشاعیر لە کۆتایدا بۆ دیاریکرنی جۆری ئەوژیانەی هەڵیدەبژێرێت وردەوردە پێمان دەڵێت چ رێگایەك هەڵدەبژێریت بۆ رەتکردنەوەی ژیانی کۆیلایەتی. ئەم ئەنجامەش زۆر بە روونی دەردەکەوێت کاتێك کە دەبینین بیرۆکەکە لە رووی یەك بەدوای یەکهاتنی خۆشی و ناخۆشییەکانی شاعیر ئەم رێزبەندییە وەردەگرێت و هاوکێشەکە بەرەو ئەو ئەنجامە دەبات کە گوزارشت لە هەڵوێستی شاعیر دەکاتبەرامبەر بە جۆری ئەو ژیانەی هەڵیدەبژێرێت چ لە رووی باری سایکۆلۆژیەوە بێت یان لەسەر ئاستی بیرکردنەوە و هەڵوێستوەرگرتن بێ :

بەهەشت ← دۆزەخ ← مردن
خۆشی ← ناخۆشی ← ناخۆشتر

واتە مەبەست لەو پێخۆشبوون و پێناخۆشبوون و ناخۆشتربوونە ئەوەیە شاعیر بلێ ئەوەی لە ژیاندا لە هەمووی ناخۆشترە ژیانی كۆیلایەتییە، بۆیە لە كۆتایدا بڕیار دەدات، ئەگەر ئەو ئازادییەی دەست نەكەویت و ئەو كوردە ئازادە نەبێت ڕێگای نەمان هەڵدەبژێرێت.كەواتە مانای ژیان و بە ئینسانبوونی كورد بە ئازادی ژیان و ئازادبوونی كورد گرێدەدات و بوونی هەریەكەیان لە بوونی ئەویتردا دەبێت.

هەروەك دەركەوت لە وەرگێرانی لێكدەرەوەكان بۆچوونی هاوبەش و جیاواز هەیە، هاوبەشەكان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو واتا روونەی كە لە دەقەكەدا بەدیدەكرێت،جیاوازییەكەش دەگەڕێتەوە بۆ دركپێكردن و نەكردنی بە هەندێ زانیاری كە بەشاراوەیی لە نێودەقەكەدا بەدیدەكرێت بە پێی شارەزایی خۆیان لەم بوارەدا.

**ئەنجام:**

١-.خێرایی تێگەیشتن پێوەرێكە بۆ دیاریكردنی جۆری واتا، چونكە واتا سیمانتیكییەكان خێراتر وەردەگیرێن، بەڵام واتا پراگماتیكییەكان درەنگتر، چونكە پێویستیان بە راڤە و لێكدانەوەی قووڵ هەیە.

٢- هەردەقێك بدەین بە چەند كەسێك بۆ لێكدانەوەی واتاكەی بێگومان لێكدانەوەكان جیاواز دەبێت، چونكە توانا و شارەزایی و هەست وسۆزی وەرگێرەكان جیاوازن هیچ یەك لەم لێكدانەوانەش ناتوانین بلێین كۆتاییە، چونكە دەق بۆخوێنەر نووسراوە بۆیەش ئازادە لە شیكردنەوەی واتای دەق.

٣- شیكردنەوەی دەق بریتییە لە كورتكردنەوە و پوختەكردنی واتای دەقێكی قورس بۆ خوێنەر،چونكە زانیارییەكانی نێودەقە قورسەكە زوربەیان بە ناراستەوخۆیی دەربڕاون لێرەشدا پێویستی زۆرمان بە پراگماتیك دەبێت بۆ شیكردنەوە، چونكە راڤەكەر بۆ شیكردنەوەی دەقەكە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی كە دەقەكەی تیادا گوتراوە ئەم كارەش بێ پراگماتیك ئەنجام نادرێت .

٤- ناتواندرێت بە هیچ جۆرێك دەق بگەڕێنینەوە بۆ دەوروبەرە رەسەنییەكەی، ئەو دەوروبەرەی كە دەشدۆزرێتەوەش دەوروبەرێكی گریمانەیی و تەمومژاوییە، چونكە دەق دانەیەكی سیمانتیكییە نەك پراگماتیكی، بەڵام بەستانەوەی دەق بە دەوروبەر وا لە دەقەكە دەكات مامەڵەی گوتاری لەگەڵ بكرێت .

٥- وەرگێرانی لێكدەرەوەكان بۆچوونی هاوبەش هەیە و جیاوازیش هەیە، جیاوازییەكە دەگەڕێتەوە بۆ دركپێكردن و نەكردنی بە هەندێ زانیاری كە بەشاراوەیی لە نێودەقەكەدا بەدیدەكرێت، جگە لەمەش شارەزای وەرگێر و جۆری بیركردنەوە و بیروباوەڕ و بۆچوون و پێكهاتەی دەروونی و دەوروبەر كاریگەریان هەیە لە لێكدانەوە.

٦- شیكەرەوە بەشێك لە دەسەڵاتی دەكەوێتە دەست بۆ جیاكردنەوە و دیاریكردنی واتای دەق، ئەگەر خاوەن زانین بێت دەربارەی رەهەندە كاتی و شوێنی و دەروونی و كۆمەڵایەتییەكان، ئەركی راڤەكەر شیكردنەوە نییە، بەڵكو دووبارە دارشتنەوەیەتی بە پێی دركپێكردن و بۆچوونی خودی خۆی .

**پەراوێزەكان**

١- (حوسێن یەعقوبی:٢٠٠٧:٥٣)
٢- ( جمعه سيد يوسف:١٩٩٠:٦٧)
٣- (كلود جرمان و ريمون روبلان :٢٠٠٦:١٧-٢١)
٤- ( جمعه سيد يوسف:١٩٩٠:٦٧)
٥- (Hall:1968:158)
٦- ( جمعه سيد يوسف:١٩٩٠:٧٠)
٧- (كریم شریف قەرەچەتانی :٢٠٠٧:١٧١)
٨- ( موفق الحمداني:١٩٨٢:٢١٠)
٩- ( داود عبده:١٩٨٤:٢٥)
١٠- ( هەمان سەرچاوە:٣٨)
١١- ( هەمان سەرچاوە:٤٠)

١٢- ( هەمان سەرچاوە:١٨)
١٣- ( ئەورەحمانی حاجی مارف:٥٢:١٩٧٥)
١٤- ( موفق الحمدانی:١٩٨٢:٢١٠)
١٥- ( داود عبده:١٩٨٤:٣٠)
١٦- ( هەمان سەرچاوە:٣٢)
١٧- ( عدنان السبیعی:٢٠٠٠:١٢)
١٨- ( داود عبده،١٩٨٤:٣٧)
١٩- ( محمد نوری عارف:١٩٨١:٢٦)
٢٠- ( قدور عمران:-:٩) .
٢١- ( هەمان سەرچاوە:٦)
٢٢- ( عبدالعزیز بن رده الگلحی: ٢٠٠٨:٣٥)
٢٣- ( قدور عمران:-:٦)
٢٤- ( ردەالله بن ردە:١٤١٨:٢١٨)
٢٥- ( هەمان سەرچاوە:٢١٩ – ٢٢٠)
٢٦- ( هەمان سەرچاوە:١٨)
٢٧- ( عبدالعزیز بن رده الگلعی:٢٠٠٨: ١٧)
٢٨- (علی ایت اوشان:٢٠٠٠:١٠٩)
٢٩- (عبدالستار جواد:١٩٩٦:٢٩)
٣٠- ( ردەالله بن ردە:١٤١٨:٤٠)
٣١- ( شربل داغر :١٩٩٧:١٣٢)
٣٢- ( علی ایت اوشان:82:2000)
٣٣- ( فان دیك:١٩٩٧:٦٦)
٣٤- ( هەمان سەرچاوە:٦٧)
٣٥- ( علی ایت اوشان:٢٠٠٠:٨٣)
٣٦- ( صلاح فچل:١٩٩٢:٢٤٦)
٣٧- ( هەمان سەرچاوە:٢٤٦)
٣٨- ( علی ایت اوشان:٢٠٠٠:٨٥)
٣٩- ( فان دیك :١٩٩٧:٧٢)
٤٠- ( علی ایت اوشان:٢٠٠٠:٨٧)
٤١- ( فان دیك:١٩٩٧:٧٢)
٤٢- ( قدور عمران:-: ١٢)
٤٣- ( رونیه:١٩٨٧:١٠٤)
٤٤- ( عبدالله بن محمد العجیبی :١٤٢٥:٥٤٩)
٤٥- ( هەمان سەرچاوە:٥٥٠)
٤٦- ( خمیس الجوینی:١٤٢٦:٧٥)
٤٧- (Daived Coper:1998:19)
٤٨- (Giovannini:1996:٣٩ )
٤٩- (Lemer de Zunino:1985:10)
٥٠- ( خمیس الجوینی :١٤٢٦:٨١)
٥١- (Cassany:2000:218)
٥٢- (Cassany:2000:239)
٥٣- (Reyes Graciela:1999:131)
٥٤- (Van Dijk:1983:55)
٥٥- ( ردەالله بن ردە:١٤١٨:١١٧ )
٥٧- ( علی بن شویل:١٩٩٧:٣٩)
٥٨- ( هەمان سەرچاوە:٢١)
٥٩- ( علی ایت اوشان:٢٠٠٠:٦٠)
٦٠- (ولید العناتی : ٢٠١٠:٩٤)
٦١- (ردەالله بن ردە:١٤١٨:٤٠)
٦٢- ( سعید حسن بحیری:٢٠٠٤:١٦٠)
٦٣- ( هەمان سەرچاوە:١٤٠)
٦٤- ( محمد سالم سعدالله:٢٠٠٧:١٨)
٦٥- (Diane Larsen.Freeman:1980:77)
٦٦- (Fromkin.v.Rodman:1983:190)
٦٧- ( عبدالله حمیدان:١٩٩٢:٧)
٦٨- ( جمعه سید یوسف:١٩٩٠:١٨)
٦٩- ( هێمن موکریانی:٢٠٠٣:٥٩)

## سەرچاوەکان:


أ- بەکوردی :

١- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٥) وشەی زمانی کوردی,کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢- حسین یعقوبی (٢٠٠٥) (زمان،لێکدەرەوەان پەیوەندی کەلتوورەکان) لێکدەرەوەانی لە فارسیەوە سمایل زارعی،دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی،چاپخانەی دەزگای ئاراس،هەولێر.

٣- کریم شریف قەرەچەتانی(٢٠٠٧) سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی دووەم،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤- محمد نوری عارف (١٩٨١) تێکستی ئەدەبی کوردی (هۆنراوە)،ب/١ سلێمانی

٥- هێمن موکریانی(٢٠٠٣) بارگەی یاران،شیعر،بلاّوکراوەی دەزگای ئاراس،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.

ب- بە عەرەبی :

١- جمعه سید یوسف (١٩٩٠) سیکولوجیه اللغه والمرچ والعقلی،سلسله عالم المعرفه، سلسله (١٤٥)،الکویت.

٢- خميس الجوينى (١٤٢٦هـ) استراتيجيات الاستنتاج و الاستدلال فى القراوه و فهم النصوص، مجله جامعه الملك سعود/ م ١٨، كليه اللغات و الترجمه، الرياچ .

٣- داود عبده (١٩٨٤) دراسات فى علم اللغه النفسى,گ/١،كويت.

٤- ردەالله بن رده بن چيف الله الگلحى (١٤١٨هـ) دلاله السياق، رساله دكتوراه فى علم اللغه، جامعه ام القرى،كليه اللغه العربيه، قسم الدراسات العليا، فرع اللغه العربيه.المملكه العربيه السعوديه.

٥- رونيه ويلك، اوستن وارن (١٩٨٧) نڤريه الادب،تر:محى الدين صبحى، المؤسسه العربيه للدراسات و النشر، بيروت.

٦- سعيد حسن بحيرى (٢٠٠٤) علم لغه النص،مؤسسه المختار للنشر والتوزيع ، القاهره.

٧- صلاح فچل (١٩٩٢) بلاغه الخگاب و علم النص،سلسله علم المعرفه، المجلس الوگنى للپقافه و الفنون و الاداب، كويت.

٨- عبدالستار جواد، (١٩٩٨) اللغه الاعلاميه، دار اللهلال للترجمه، گ/١, الاردن.

٩- عبدالعزيز بن رده الگلحى (٢٠٠٨) مصگلح السياق النشأه و المفهوم و التگور، قراوه فى الفكر اللغوى المعاصر، جامعه مؤته المملكه الاردنيه الهاشميه.

١٠- عبدالله الحميدان (١٩٩٢) مجله التواصل اللسانى،المجلد الرابع،العدد الپانى،سبتيمبر.

١١- عبدالله بن محمد العچيبى (١٤٢٥هـ)، النص و اشكاليه المعنى بين الشاعر و القارىو، قراوه فى تجربه شاعر محاصر، مجله جامعه ام القرى لعلوم لشريعه و اللغه العربيه و ادابها، ج/١٨، ع ٣٠،جمادلا الاول .

١٢- عدنان السبيعى (٢٠٠٠) نمو اللغه والمعرفه والزاكره،دار الفارابى للمعارف، گ/١،ديمشق

١٣- على ايت اوشان (٢٠٠٠) السياق و النص الشعرى من البنيه الى القراوه. گ/١دار الپقافه، الدار البيچاو، المملكه المغربيه .

١٤- على بن شويل القرنى (١٩٩٧)، الخگاب الإعلامى العربى، المجله المصريه لبحوپ الإعلام، العدد الٲول

١٥- فان دايك (١٩٩٧) النص بنياته و وڤائفه مدخل اولى علم النص،من نڤريه الادب فى قرن العشرين، تر: محمد العمرى، افريقيا الشرق، دار البيچاو .

١٦- قدور عمران (د.ت) محاچرات فى تحليل الخگاب، المدرسه العليا للاساتژه فى الاداب و العلوم الانسانييه، بوزريعه، الجزائر .

١٧- كلود جرمان و ريمون روبلان (١٩٩٤) ترجمه، نورالهدى لوشن،دار الفاچل، دمشق.

١٨- محمد سالم سعدالله (٢٠٠٧) مملكه النص،التحليل السيمائى للنقد البلاغى،الجرجانى نموژجا،سلسله النقد المعرفى،الٲردن.

١٩- محمد سليم صالح و عبد الرحيم محمد عشير (١٩٨٢) علم حياه الانسان،گ/١، مديريه دار الكتب للگباعه و النشرجامعه الموصل،موصل .

٢٠- موفق حمدانى (١٩٨٢) اللغه وعلم النفس، بغداد.

٢١- وليد العناتى (٢٠١٠) تحليل الخگاب و تعليم مفردات العربيه للناگقين بغيرها، مجله البصائر، مجله علميه محكمه المجلد ١٣ العدد ٢ ربيع الاول ١٤٣٢ هـ.

ج- به ئینگلیزی و فرەنسی :

1- A.Giovanni, (1996). “La Comprensión Lectora”. Profesor en acción, n° 3,
2- Cassany, Daniel; Luna, Marta y Sanz, Glòria. Enseñar Lengua 2000. Barcelona: Graó, , 5a ed.
3- David Cooper,( 1998). Cómo mejorar la comprensión lectora. Madrid..
4- Delia Lerner De Zunino, (1985).“La Relatividad de la Enseñanza y la Relatividad de la
5- Diane Larsen, Freeman (1980) “Discourse Analysis in Second Language, Research” new bury House U.S.A.
6- Fromkin,V, and Roman, R (1983) “An-Introduction to Language” Third edn. Holt Saunders, international Editions.
7- G, Kress, (1985) “Ideological Structures in Discourse” in Van Dijk (ed.) The Handbook of Discourse Analysis, Vol.1. London: Academic Press,
8- Hall, R.A,(1968) An Essay on Language. Chilton Books.
9- Reyes Graciela .(1999). Cómo Escribir en Español. Manual de Redacción. Madrid: Arco Libros,.
10- Teun A. van Dijk,(1995) Discourse Semantics and Ideology, Discourse &Society, Vol. 6, No. 2 .

11- Teun Van Dijk, (1983).. La ciencia del texto. Barcelona: Paidós

د- پێگەی ئەنتەرنیت :

١-Teun. van Dijk , Discourse Semantics and Ideology, Op. cit , http://www.scribd.com/doc/59249089/Teun-Van-Dijk-Ideology-and-Discourse-Analysis

٢-Tuen Van Dijk, (1988) News As Discourse. Hillsdale, New http://www.questia.com/library/1914081/news-as-discourse

الملخص

البحث بعنوان ( معنى النص بين قصد الكاتب و فهم القارىء ) ، يتم إجراء الدراسة داخل إطار علم التداول وفقا للأسلوب الوصفي، بهدف ايجاد جواب للسؤال التالى : هل يلتقى قصد الكاتب مع تحليل القارىء ؟ و لماذا ؟

الفهم سريع مقياس لتحديد نوع معنى النص، لأن المعاني السيمانتيكية أسرع فهما، بينما المعاني التداولية اصعب لأنها تحتاج إلى التوضيح العميق والتفسير عند إعطاء نص لتفسير معناها للعديد من القراء، نجد التباين فى التفسيرات، هذا التباين يرجع الى القدرة على تفكيك الرموز و الخلفية الثقافية للقارىء، لا يمكن أن نقول أي من احد هذه التفسيرات هو نهائى، لأن النص مكتوب للقارئ و القارىء حر فى اعطاء تفسيرات و إعادة كتابة النص وفقا لوجهة نظرته الخاصة، أننا غير قادرون على إعادة النص إلى سياقه الأصلي، وعند ايجاد السياق سيكون سياقا افتراضيا و غير دقيقا، لأن النص وحدة سيمانتيكية و ليس وحدة تداولية، ولكن ربط النص بالسياق يجعله مقام الخطاب، في نهاية البحث نأتى بنتيجة ان القارىء او المحلل لا يصل إلى قصد الكاتب كاملا، بل يصلها نسبيا، وهذا يعود إلى اختلاف الخلفية الثقافية و القدرة التداولية و خبرته الشخصية فيما يخص الحاله النفسية للكاتب .

## ABSTRACT:

**The study is entitled (The text meaning between the writer's aim and reader's comprehension), the study is performed within the frame of pragmatics according to the descriptive method. The purpose of the study is to find answer weather the writer's aim and reader's comprehension are consistent? Why?**

**Quick understanding is a measurement to allocate the type of a meaning, because the semantic meanings are received faster, while the pragmatic meanings later because they need deep illustration and interpretation. When giving a text to interpret its meaning to several people it is doubtless that the interpretations will be different, because the capability, familiarity, feeling, and sympathy of interpreters are different. We cannot say any of these interpretations is the final one. This is because a text is written to the reader that's why he is free in analyzing a text meaning. The analyzer possesses some power to differentiate and allocate a text meaning; if he is educated about the time, place, psychological and social aspects then the duty of the interpreter is not the analyzing, but rewriting a text according to his own viewpoint. We are never able to bring a text back to its original context, and when a context is found, it is a hypothetic and foggy context, because a text is a semantic unit not pragmatic unit. But relating a text with a context will make a text to be treated as an utterance. eventually we come to a result that the interpreter cannot fully reaches the writer's purpose, but can only relatively approaches the writer's purpose, and this goes back to the background differences of a science, cultural, and pragmatic competence of writer's personality and psychology.**